نەوژین

ژمارە (١٤) دوشەمە ٢٠١٨/١/١٥

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات



ئاواز نەجم:
کورد لە ئەدەبیشدا غەدری لە ژنان کردوە

7««

ژنانی گەرمیان دەرگا داخراوەکانی وەرزش بە روی خۆیاندا دەکەنەوە

▪ نەوژین

ژنانی گەرمیان بەشێوەیەکی بەرچاو رو لە بواری وەرزشی دەکەن، سەرباری کردنەوەی چەندین هۆڵی تایبەت بە وەرزشی ژنان، هاوکات ژنان وەرزش کردن دەبەنە دەرەوەی هۆڵەکان و لە شوێنە کراوەو پارکەکان دا وەرزش ئەنجام دەدەن.

بواری وەرزشی لەگەرمیان بە بوارێک ناسراوە کە زۆرتر قۆرغکراوە بۆ رەگەزی نێر، بەڵام ئەم بۆچونە رۆژ دوای رۆژ لە ناوچەکەدا کاڵ دەبێتەوە، بەتایبەتی کە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان رویان لە بواری وەرزش کردوە، ئەمە سەرباری زیادبونی بەشداریی کچان لە چالاکیە وەرزشییەکان دا.

بەپێی بەدواداچونەکانی (نەوژین)، لە سنوری قەزای کەلار دا، چەندین هۆڵی وەرزشیی داخراو، بەشی تایبەت بە ژنانیان کردوەتەوە، کە بە دەیان ژن لەو هۆڵانەدا رۆژانە راهێنانی وەرزشی دەکەن. هەروەها دو مەلەوانگەی شاری کەلار، کاتی تایبەتیان بۆ ژنان تەرخان کردوە.

بەوتەی راهێنەری ژنانی مەلەوانگەی ئۆڵۆمپیک سپۆرت سەنتەر، رێژەی ئەو ژنانەی سەردانیان دەکەن بۆ فێربون و ئەنجامدانی مەلەوانی، بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا، روی لە زیادبون کردوە.

هاوکات لەناحیەکانی سەر بە قەزای کەلاریش، بەتایبەتی باوەنور و رزگاریی، بەهەمانشێوە ٢ هۆڵی وەرزشی تایبەت بە ژنان کراوەتەوە. (لەلاپەڕە ٤ی ئەم ژمارەیە راپۆرتێک لەوبارەوە بخوێنەرەوە).

جگە لە هۆڵە داخراوەکان، ژنان لەئێستادا لە دەشت و دەر و پارکەکانیشدا وەرزشی بە پێ رۆیشتن «هەروەلە» و راکردنی سوک ئەنجام دەدەن. بەپێی راپۆرتێکی (نەوژین) کە لەم ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوە، بەشێک لە ژنانی کەلار، پارکێک کە لەلایەن شارەوانی کەلارەوە دروستکراوە، کردوە بە شوێنی بە پێ رۆشتن و وەرزشکردن.



کچێک لەکاتی راهێنانی لەشجوانی لە هۆڵێکی وەرزشی لەکەلار — **فۆتۆ: نەوژین**

لەلایەکی دیکەشەوە، لەئاستە فەرمیی و کارگێڕیەکەشدا، بەشداریی ژنان لە ناوەندە وەرزشیەکان لەگەرمیان بەرەوپێشەوەچونی بەخۆیەوە بینیوە، بەشێوەیەک بۆیەکەمجار لەساتی دروستبونیەوە لەساڵی ١٩٩٢ەوە، کچە وەرزشکارێک توانی لەدواهەڵبژاردنی یانەی وەرزشی شێروانە، ببێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی یانەکە.

ئەم بەرەوپێشەوەچونانە هێشتا بەشێوەیەکی گشتگیر ناوچەکەی نەگرتوەتەوە، بەوپێیەی شوێنی دیکەی ناوچەی گەرمیان هەن کە تائێستا خزمەتگوزاریی وەرزشیی بۆ ژنان تیایدا فەراهەم نەکراوە، بەتایبەتی لەقەزای کفری، کە چالاکوان و ژنانی ئەو قەزایە نیگەرانی دەردەبڕن لەوەی هیچ هۆڵێکی تایبەتی حکومی یان ئەهلی لە قەزاکەیاندا بونی نییە.

دو خوشک لە کەلار فرۆشگایەک دەکەنەوە

5««



تابان... ئەزمونی ژنێک لەگەڵ سەرکەوتن و کۆڵنەدان دا

6««





لە 5 ساڵ دا ژمارەی کچان لە بەشی روپێوی سێ هێندە زیادی کردوە

2««



لە منداڵەوە بۆ منداڵ.. دەستگیرۆیی ئاوارەکانی خورماتو

8««



بۆ چارەسەری سوتاویی، بە دەرمانی کوردەواریی کێبڕکێی پزیشکان دەکەن

10««

کچانیش دەتوانن روپێویی بکەن

■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

رەنگە ئەو بەشەی کە (کانی) ئێستا لە پەیمانگای تەکنیکی کەلار دەیخوێنێت، تاپێش چەند ساڵێک خوێندنی کچان تیایدا بەحاڵەتێکی نامۆ و دەگمەن هەژمار بکرایە، بەوپێیەی بەشەکەی ئەو کە (روپێویی)یە، وەها ناسراوە کەبەشێکە زۆرتر کوڕان تیایدا دەخوێنن و کچان کەمتر خۆیانی لێدەدەن.

کانی و هاورێکانی، نمونەیەکن لەو کچانەی گەرمیان کە بڕیاریانداوە بەشێکی جیاواز لە پەیمانگادا بخوێنن، بەشێک کە ژمارەی کچان ئەگەرچی تائێستاش بەپێی پێویست نییە، بەڵام لەچاو ساڵانی رابردو، روی لە زیادبون کردوەو کچانیش زیاتر لە جاران روی تێدەکەن.

روپێوی، زانستێکی ئەندازیارییە بۆ پێوانەکردن و دیاریکردنی دوریی گۆشە و شوێن لەسەر روتەختی زەوی. لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨-٢٠٠٩، بەشێکی تایبەت بەم زانستە، لە پەیمانگای تەکنیکی کەلار کراوەتەوە، تائێستا ٨ خول خوێندکاری دەرچواندوە. ئەگەرچی رێژەی کچان لەم بەشەدا لە ساڵانی پێشو دا کەمتر بو، بەڵام لە ئێستادا زیادی کردوە.

کانی ئەسعەد، (١٨) ساڵ، خوێندکاری قۆناغی یەکی بەشی روپێوی پەیمانگای تەکنیکی کەلارە. لەبارەی روکردنە ئەم بەشە بۆ خوێندن، ئەوەی بۆ (نەوژین) وت: «من بە ئارەزوی خۆم هاتومەتە ئەم بەشە، راستە بەشێکی قورسە، بەڵام ئەگەر حەزت هەبێت ئەتوانیت تیایدا سەرکەوتو بیت».

باخان ئەحمەد، (٢٠) ساڵ، یەکێکی تر لە کچە خوێندکارەکانی ئەو بەشە. بۆ (نەوژین) دەڵێت: «هەرچەندە بەشەکە بەشێکی قورسە، بەڵام خۆم حەزم لێ بوە ماڵەوەش پشتگیریان لێ کردوم بۆیە دەستم بە خوێندن لەو بوارەدا کرد».

بە پێی ئاماری بەشی روپێوی پەیمانگای تەکنیکی کەلار، لەماوەی ٥ ساڵی رابردودا، رێژەی کچانی خوێندکار لە بەشەکەدا، بەشێوەیەکی بەرچاو روی لە زیادبون کردوە.

ئەو ئامارە دەریدەخات لەساڵی خوێندنی (٢٠١٣-٢٠١٤) دا، لەکۆی (٥٧) خوێندکار، تەنها (٥)یان لە رەگەزی مێ بون، بەڵام بۆ ئەمساڵی خوێندن (٢٠١٧-٢٠١٨)، لەکۆی (٦٠) خوێندکار (١٥)یان لە رەگەزی مێن.

هۆکاری ئەم زیادبونە چییە؟ بۆچی کچان بڕیاریانداوە لەم بەشەدا درێژە بە خوێندن بدەن؟

ئەستێرە محەمەد، (٢٠) ساڵ، لەوەڵامدا وتی: «ئێمەی کچانیش وەکو کوڕان هێز و توانامان هەیە و دەتوانین لەو بەشانەدا بخوێنین کە واباس دەکرێت بەشی (کوڕانەیە)».

بەڵام توێژەرێکی دەرونی، رایەکی جیاوازی هەیە، پێیوایە بەشێکی بەرچاوی ئەو کچانە، بەهۆی سیستەمی وەرگرتنی ناوەندییەوە لەو بەشەدا ناویان هاتوەتەوەو ناچار بون بخوێنن.

کارزان فوئاد، بۆ (نەوژین) وتی: «هۆکاری زیادبونی کچ لەم بەشە تەنها ناچاری نمرەو سیستەمی وەرگرتنە، زۆرینەیان بە ئارەزوی خۆیان هەڵیان نەبژاردوە».

رەنگە ئەم بۆچونەی توێژەرە دەرونییەکە، لەوەوە سەرچاوە بگرێت کە بەشێکی بەرچاوی ئەو کچانە پاش تەواوکردنی خوێندنەکەیان، دواتر وەکو روپێو کار ناکەن، بەڵکو بواری تر هەڵدەبژێرن، بۆیە پرسیار ئەوەیە: کچانی ئەو بەشە ئامادەن پاش تەواوکردنی خوێندنەکەیان، لەو بوارەدا کار بکەن؟

کانی، بەجەختکردنەوەوە وتی: «ئێمە

> ئێمە توانامان کەمتر نیە لە رەگەزەکەی تر

توانامان کەمتر نیە لە رەگەزەکەی تر، بۆیە بێگومان دەتوانین لەم بوارەدا لەدەرەوەش کار و خزمەت بکەین».

(باخان)یش ئاماژەی بەوەکرد کە زۆرجار بەهۆی لایەنی کۆمەڵایەتییەوە رێگە بەکچان نادرێت لەم بوارانەدا کار بکرێت، بەڵام وەکخۆی وتی: «خێزانەکەی من زۆر هاوکارمن و بەڵێنیان داوە دوای تەواوبونی خوێندنیش هاوکارم بن بۆ درێژەدان بە کارکردن لەم بوارەدا».

بەڵام مامۆستایەکی ئەم بەشە، نایشارێتەوە کە بوارەکە بۆ کارکردنی کچان تیایدا قورسە.

قادر عەبدول، بۆ (نەوژین) وتی: «کچان دوای تەواوکردنی خوێندنیان بۆیان قورسە بچنە دەرەوە کاربکەن، ئەمەش لەبەر ئەو کۆمەڵگا داخراوەی کە لەسنوری گەرمیان داهەیە».

بەڵام رای (ئەستێرە) بە ئاڕاستەیەکی دیکەیە، ئەوپێیوایە کچانی گەرمیان کە لەم بوارانەدا دەستیان بەخوێندن کردوە، جگە لە ئاستە کەسییەکە، دەشیانەوێت بسەلمێنن کە توانای کارکردنیان لە هەمو بوارێک دا هەیە.

بەپێداگیرییەوە وتی: «هۆکاری ئەوەی رێژەی کچان لەم بەشە زیادی کردوە، ئەوەیە کە کچان گوێ بەقسە و توانجی خەڵکی نادەن و ئەو رێگریە کەلتوریانە تێدەپەڕێنن».



ژنان وشەی «زەعیفە» لە فەرهەنگیاندا دەسڕنەوە



■ نەوژین، نیگار عومەر

سەرباری رێگریی و تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکان، ژنانی گەرمیان بەشێوەیەکی بەرچاو دێنە پێشەوەو لەزۆر بواردا خۆیان دەسەلمێنن، ئەوان بڕیار دەدەن بە گژ ئەو بۆچونەدا بچنەوە کە ژنان بە لاواز و «زەعیفە» هەژمار دەکات.

لەماوەی چەند ساڵی رابردودا، ئاستی بەشداریی ژنان لە کایەو بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، بەرادەیەکی بەرچاو زیادیکردوە، ئەمەش ئەو ئەفسانەیە کۆتایی پێدێنێت کە ژنان بە «پلە دو، کەم توانا و لاواز» هەژمار دەکات.

سیما جەلال، ٣٨ ساڵ، ژنی ماڵەوە، باس لەوە دەکات کە کۆمەڵگا ئەو جیاوازییەی لەنێوان رەگەزەکان دا دروست کردوە، ئەگینا ژنان و پیاوان هەردوکیان یەک تواناو ئاستیان هەیە.

ئەو پێشیوایە «بەهۆی ئەو رۆڵەی کۆمەڵگا بە پیاوانی دەدات زیاتر لە ژنان، وایکردوە ژنان خۆیان بە لاوازتر وەک لە پیاوان بێتە پێشچاو».

روانینی کۆمەڵگای کوردی بۆ مێینە، وێناکردنێتی وەکو کەسایەتیەکی لاواز، کەلە زمانە گشتیەکە دا بە «زایفە-زەعیفە» گۆدەکرێت، کەوەرگێڕانی وشەی (ظعیفە)ی عەرەبیە کە بەمانای لاواز دێت. ئەم توانجانە کاریگەری خراپی لەسەر ژنان داناوە و متمانەی لێسەندونەتەوە.

چالاکوانێکی ژنان، پێی وایە نابێت ژنان لەو رۆڵپێدانەی کۆمەڵگا رازی بن، چونکە خۆیان دەبنە سوتەمەنی ئەو جۆرە لە روانین.

شەیما جەمال، بۆ (نەوژین) وتی: «لە کۆمەڵگای کوردیی دا، بە پێی دابونەریت لە ژن دەڕوانرێت، بۆیە بەردەوام ژن بە کەمتر لە پیاو سەیر دەکرێت».

جەختیشیکردەوە: «لە هەر جۆرە رازیبونێکی ژنان بەم تێڕوانینە، خۆیان زەرەرمەندی یەکەم دەبن».

ئەو چالاکوانە، باسی لەو ژنانە کرد کە لە کۆمەڵگەی گەرمیانداو سەرباری ئەم تێڕوانین و بارە کۆمەڵایەتییە، کەچی ئازایانە هاتونەتە پێشەوەو کاردەکەن و رۆڵ دەبینن، هەروەک رێژەی رۆڵگێڕانی ژنانیش تادێت برەو دەسێنێت، هەمو ئەمانەش دەریدەخەن کە بون و رۆڵی ژن لە کۆمەڵگادا سەرەکییە نەک لاوەکی.

شیلان ئەحمەد، تەمەن ٣٢ ساڵ، مامۆستای ئامادەییە لە کەلار. جەخت لە رای ئەو چالاکوانە دەکاتەوە بەوەی ژنان دەبێت ئەو تێڕوانینە بگۆڕن کە کۆمەڵگا هەیەتی بۆیان.

ئەو نمونەی خۆی هێنایەوە کە سەرباری پیشەکەی، ئێوارانیش کار دەکات و دەچێتە دەرەوەو خۆی و ئەزمونەکەیشی بە سەرکەوتو دەزانێت.

وتی: «لە سەرەتادا هاوسەرەکەم رازی نەبو بە کارکردنم، چونکە ئەویش وەکو هەمو پیاوێکی تر کاریگەریی کۆمەڵگای لەسەر بو بەوەی ژن بە ناتوانا دەبینێت، بەڵام بەهۆی پێداگیریی خۆمەوە، توانیم هاوسەرەکەم قەناعەت پێبێنم کە ئێمەی مرۆڤ هەمومان یەکسانین و ئەگەر دەرفەتمان پێبدرێت وەکو یەک بەتواناین».

وتیشی: «لەوکاتەوە تائێستا بەردەوامم و زۆرجاریش پێکەوە کاردەکەین و خێزانێکی بەختەوەر و سەرکەوتوشمان هەیە».

لەپاڵ ئەوەی ژنان پێویستە کۆتایی بەو ئەفسانەیە بهێنن کە پێیوایە ژنان لاوازن، هاوکات توێژەرێکی کۆمەڵایەتی پێیوایە کە ئەرکی پیاوانی ئازادیخوازیشە کەپێکەوە لەگەڵ ژنان دا بە گژ ئەم بۆچونەدا بچنەوە.

> تا دۆخی ژن نەڕواتە پێشەوە، پێشکەوتن بەدینایەت

دڵنیا عەلی، وتی: «دەبێت پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز، پێداگری بکەن لە چەسپاندنی مافەکانی ژناندا و داکۆکیکاری سەرسەختی داواکانی ژنان بن، تاکو کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە بڕوات».

جەختیشیکردەوە: «تا دۆخی ژن نەڕواتە پێشەوە، هیچ پێشکەوتنێک بەدینایەت».

وادیارە ئەو پێشکەوتنانەی کە ژنان بەدییان هێناوە لە چەند ساڵی رابردودا، هانی کچانی لە نەوەی نوێ داوە کە پەرەی زیاتر بە تواناکانیان بدەن و کار لەسەر بەدیهێنانی خەونەکانیان بکەن، ئەمەش لەکاتێکدا پێشوتر ئەم هەنگاو و کارانە سنوردار بو.

ئەوین عەلی، تەمەن ١٧ ساڵ، یەکێکە لەو کچە خوێندکارانەی لە قۆناغی ئامادەیی دا دەخوێنێت، بە باوەڕ بەخۆبونێکەوە وتی: «من کە قۆناغی ئامادەییم تەواو کرد دەچمە دەرەوەی گەرمیان، لەوێ درێژە بە خوێندن دەدەم، هاوشێوەی براکەم منیش ژیانی خۆم دەکەم، ئەو دابونەریتەی کە سەپێنراوە بەسەر ئێمەی مێینە دەبێت بیگۆڕین».

> لە کۆمەڵگای کوردیی دا، بە پێی دابونەریت لە ژن دەڕوانرێت

ژنان «مەلا و شێخ» وەلا دەنێن و سەردانی پزیشکی دەرونی دەکەن

بەڕێوەبەری سەنتەری راهێنانی دەرونی کەلار: ژنان هۆشیار بونەتەوەو بۆ چارەسەری کێشەی دەرونی سەردانمان دەکەن

■ نەوژین، هاوژین مەهدی

پێش ساڵانێک ئەگەر(فێنک) توشی ئەو نەخۆشیە دەرونییە بوبێت کەئێستا توشی بوە، ئەوا بێشک دوا کەس کە دەیانبردە لای، پزیشکی دەرونی بو، بەڵکو لەبری ئەوە سەردانی کەسانێکیان پێدەکرد کە بە «مەلا و شێخ» ناودەبرێن، بەڵام وادیارە ئێستا رەوشەکە تاڕادەیەک گۆڕاوە.



ئەگەرچی هێشتا لەئاستێکی پێویست دا نییە، بەڵام رێژەی سەردانیکردنی ژنان و کچان بۆلای پزیشـک و چارەسازانی دەرونـی لەگەرمیـان، لەچاو سـاڵانی رابـردودا زیاتر بـوە، بەتایبـەت کە ئەو بێهیوایەیان بـۆ دەرکەوت کە ئەو کەسانەی بەناوی مەلا و شێخەوە گوایا چارەسـەری نەخۆشـەکانیان دەکرد و جگە لە پارەوەرگرتـن و خراپترکردنی دۆخەکەیـان، سـودێکی ئەوتۆیـان پێنەدەگەیاندن.

فێنـک، ٣١ سـاڵ، ناوی خـوازراوی ژنێکی شاری کەلارە. سەبارەت بەبونی نەخۆشـیەکەی بۆ (نەوژیـن) دەڵێت: «بۆ ماوەی حەوت ساڵە بەهۆی بینینی خەونێکـەوە توشـی ئەم نەخۆشـیە بـوم کاتێک توشـی دەبـم دڵتەنگ و بێتاقەتم دەکات، هەر بەم هۆیەشـەوە لە سـەرەتاوە هەمو مانگێک سەردانی پزیشـکی دەرونیم کـردوە لەدەرەوەی شار و هەتا ئێستاش بەردەوامم».

نەبونـی هۆشـیاری وایکـردوە کاتێک ئافرەتێک توشـی نەخۆشـی دەرونی دەبێت، بەعەیبـە دادەنرێت ببرێتە لای پزیشـکی دەرونـی، بەڵام بەشـتێکی ئاسـایی دادەنرێت ببرێتە لای ئەوانەی پێیان دەڵێن «مەلا و شێخ».

کەسـێکی نزیک لە (خەیـاڵ) کەناوی خـوازراوی کچێکی تەمەن ٢٥ سـاڵە، لەبـارەی نەخۆشـیەکەی خەیاڵەوە بۆ (نەوژین) دەڵێـت: «بەهۆی خەمێکی زۆرەوە باری دەرونـی تێکچو، کاتێک خێزانەکەی بینیان حاڵی بەم شێوەیەیە، بردویانە بۆ لای شێخ و مەلا».

باسیشـی لەوە کرد کە شـێخەکە بۆ ماوەی سـێ رۆژ لێیداوەو ئەشکەنجەی زۆری داوە، تەنانـەت ناچاریان کردوە ئاوی قوڕاو بخواتەوە ئەگەرچی نەخۆشی گورچیلەی هەبوە.

ئـەو کچە بـەردەوام بـو لەگێڕانەوەو باسـیلەوەکرد بـەدزی خێزانەکەیەوە خەیاڵی بردوە بۆ لای پزیشکی دەرونی، لەدوای وەرگرتنی چارەسـەر ئێسـتا ژیانێکی ئاسـایی هەیە و وەکو پێشتر دەژێت.

بەهەمان شێوەی چیرۆکەکەی (خەیاڵ)، (شەرمین)یش کەنەخۆش کەوت، لەبری پزیشک و کەسانی شـارەزا، سەردانی «مەلا و شـێخ»ی پێکـراوە، ئەمەش دۆخەکەی خراپتر کردوە نەک باشتر.

شـەرمین، بـۆ (نەوژیـن) دەڵێـت: «ماوەیەک توشـی نەخۆشـی دەرونی بوم و بەهۆیەوە زۆر گۆشـەگیر بوم و زۆر زو عاجز دەبوم و زۆر شـتم لە دڵ دەگرت».

وتیشـی: «خۆم باوەڕم با مەلا و شێخ نەبـو، بەڵام بردیانم بۆ لایان بۆ ئەوەی چاک ببمەوە، کەچی بێسـود بو، بۆیە سـەردانی پزیشـکی دەرونیـم کرد و سودی باشم لێی بینیوە».

حاڵەتەکە گەشتوەتە ئاستێک کە ئەگەر ژنێک کێشەی دەرونی هەبێت، بەعەیبە هەژمـار دەکرێت سـەردانی پزیشـک بکات بە ئاشـکرایی، بەڵام بۆ سەردانی ئەوانەی بە مەلا و شـێخ ناوەدەبرێن، ئاسایی بێت.

شـەرمین، وتی: «بە ئاشکرا سەردانی پزیشـکی دەرونیـم نەکـردوە تەنها خێزانەکەی خۆم پێیان دەزانی، چونکە من کچێکی عازەب و گەنج بوم، خەڵکی بە هەڵە تێدەگەشتن».

بەڵام بەپێچەوانـەوە، (فێنک) ئاماژە بـەوەدەکات کـە هیـچ کات شـەرم لەنەخۆشیەکەی ناکات «لەگەڵ ئەوەی تاکو ئێسـتا روبـەروی هیـچ تانە و تەشـەرێک نەبومەتـەوە، هاوکات هیچ کات شـەرم لە نەخۆشـیەکەم ناکەم، چونکـە وەک تەواوی نەخۆشـیەکانی دیکە وایە».

نەخۆشـیە دەرونیـەکان ئـەو جۆرە نەخۆشیانەن کە لایەنی دەرونی مرۆڤ دەگرنەوە، ئەمەش بەرای شـارەزایان حاڵەتێکی ئاسـاییە، وەکچۆن جەستە توشـی نەخۆشـی دەبێت، دەرونیش بەهەمانشێوە.

کەریم مەدحەت، مامۆستای دەرونناسیی لـە زانکـۆی گەرمیان، بـۆ (نەوژین) دەڵێت: «چۆن جەستە توشی نەخۆشی دەبێت، بەهەمان شـێوەش دەرونیش توشـی نەخۆشـی دەبێـت، ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر ژیانی کەسەکە چ لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە بێت یان لەڕوی جەستەییەوە.»

دەڵێـت: بەپێـی زانسـت سـێ جۆر چارەسـەرمان هەیـە، ئەوانیـش: (جەلسەی دەرونی، چارەسەری دەرونی و چارەسـەری کارەبایی)ن، پزیشکیش بەپێی جۆری نەخۆشەکە دیاری دەکات کە پێویستە کام چارەسەر وەر بگرێت.

وتیشـی: «هەتاکو نەخۆشـەکە زوتر سەردانی پزیشک بکات چارەسەرەکەی ئاسـانترە و کاتی کەمتـری دەوێت بۆ چارەسەر».

باسیشی لەوەکرد زۆربەی نەخۆشەکان لە دوای وەرگرتنی چارەسـەر دەتوانن وەک کەسـێکی ئاسـایی بژین، بەڵام هەنـدێ نەخـۆش پێویسـتیان بـە چارەسەری بەردەوام هەیە.

هـاوکات لەگەڵ زۆربونـی ژمارەی ئەو ناوەند و کەسـانەی لە بواری دەرونیدا شـارەزا و تایبەتمەنـدن، رێـژەی سەردانیکەرانی کەسـانێک کەکێشە و نەخۆشی دەرونییان هەیە، زیادیکردوە بۆ لای ئەو ناوەند و کەسانە.

فەرەیـدون ئیسـماعیل، بەڕێوەبەری سەنتەری راهێنان و چارەسەری دەرونی کەلار، بە (نەوژین)ی وت: سـاڵ دوای سـاڵ رێژەی سـەردانیکەرانمان زیاد دەکات، ئەمەش بۆ بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیان دەگەڕێتەوە.

ئەو باسیلەوەشـکرد پێشوتر تەنانەت بۆ حاڵەتێکی ئاسـایی، ژنان و پیاوان دەبران بۆ لای کەسـانێک کە بە «مەلا و شـێخ» ناودەبرێـن، بەڵام ئێسـتا نەخۆشەکان بۆ سـەنتەرەکەیان دێنن و ئەوانیش بەپێی بنەما زانسـتییەکان و لەژێر چاودێریی پزیشـکی پسپۆڕ دا چارەسەر و هاوکارییان دەکەن.

«براکەم هەڵەیەک بکات چاوپۆشی لێدەکرێت، بەڵام من سەرزەنشت دەکرێم»

خێزانەکان چاو لە هەڵەی کوڕەکانیان دەپۆشن



■ نەوژین، شیلان محەمەد عەلی

ئەگەرچی خێزانەکەیان لە چەندین ئەندام پێکدێت، بەڵام ئەوەی (سارا) ی نیگەران کردوە ئەو جیاوازییە یە کە دایک و باوکی لەبەرامبەر رۆڵەکانیان دەیکەن لەسەر بنەمای رەگەزیان، بەتایبەت کە بە ئاشکرا هەست بەوە دەکات زیاتر لە ئەو و خوشکەکانی، گرنگیی بە براکانیان دەدرێت.

ئەوەی (سارا)ی تەمەن ٢٠ ساڵ هەستی پێـدەکات، حاڵەتێکی بەربـڵاوی ناو زۆرێک لە خێزانەکانە، کاتێک بەچاوێکی گەورەتـر و تایبەتەوە لـە کوڕەکانیان دەڕوانـن، لەبەرامبەریشـدا کچەکانیان وەکو ئەندامێکی پلـە نزم یان لاوەکی نێو خێزانەکانیان سەیر دەکەن.

> دایک و باوکم جلی جوان بۆ براکانم دەکڕن و ئێمە لێی بێبەشین

ئـەم جیاوازییکردنە، کاتێـک دەبێتە کێشـەیەکی گەورە، کەوادەکات لەروی دەرونیی و کەسییەوە، کچان هەست بە کەمیی بکەن و واشـبزانن هێندە گرنگ و جێی بایەخ نین نە لە خێزان و نە لە کۆمەڵگاکەیاندا.

سـارا، دەڵێت: «براکەم هەر هەڵەیەک بکات چاوپۆشـی لێدەکرێت، بەڵام من گەر هەڵەیەکی بچوکیش بکەم هەڕەشەی توند و سەرزەنشتی زۆرم دەکەن».

سـارا، بەخەمباریەوە ئەوەشی درکاند کە ئەمە کاری کردوەتە سەر خوێندنی و ناتوانێت وەک پێویسـت ئەرکەکانی بەجێ بهێنێت «هەست بەکەمی دەکەم، وادەزانم کەس منی خۆش ناوێت».

هەندێکجـار بونی ژمارەیـەک مناڵ وا دەکات دایـکان و بـاوکان فریای ئەوە نەکـەون وەک پێویسـت گرنگـی بە هەمـو مناڵەکانیـان بـدەن، هەربۆیە گرنگیەکەیان زیاتر لە مناڵە کوڕەکانیان چـڕ دەکەنـەوە، بەمـەش جیـاوازی رەگەزیی لەنێوانیان دا دروست دەبێت.

ئەڤین، ١٣ ساڵ، ناوی خوازراوی کچێکە، وتی: «ئێمە ٤ خوشک و ٢ براین، دایک و باوکم جلی جوان و گرانبەها بۆ براکانم دەکڕن و ئێمە لێی بێبەشین تەنها لەبەر ئەوەی ئەوان کـوڕن، لە کاتێکدا ئێمە هەمو کارەکانی ماڵەوە جێبەجێدەکەین و سەعی خۆشمان دەکەین».

لەبەرامبەریشدا، دایکان و باوکانێکیش هـەن کـە جیاوازییکـردن لەنێـوان مناڵەکانیان دا ناکەن و بەیەک ئاسـت گرنگییان پێدەدەن.

شـەیما عەلی، ١٨ سـاڵ، خوێندکار، باسـلەوە دەکات کـە دایـک و باوکی زۆری خۆش دەوێن و جیاوازیان ناکات. وەکخـۆی دەڵێت: «بە حوکمی ئەوەی من کچی گەورەم خۆشەویسـتیم زیاترە لە خوشـک و براکانم، بـەڵام نەبوەتە هـۆی دروسـتبونی جیـاوازی چونکە هەمومانیان خۆش دەوێن».

بەڵام ئایـا ئەم جیاکارییـە رەگەزیە، تاچەند خودی دایکان و باوکان هەستی پێدەکـەن و تاچەند بەلایانەوە کارێکی ئاساییە؟

دایکی رەیان، مامۆسـتای ئامادەییەو خاوەنی دو کچ و دو کوڕە، وتی: «ئەوان جگەرگۆشـەی منن و بەڕادەیەکی زۆر وەک یەک خۆشەویسـتن لام، ئەوانیش بۆ من بەهەمان شێوەن».

ئەرکان سـابر، مامۆسـتا، کەخاوەنی ٣ مناڵە، جەختی لەو رایەی سـەرەوە کـردەوەو وتـی: «ئەگـەر کوڕەکەم بەشـێک بێت لە جگەرم، ئەوا کچەکانم بەشەکانی تری جگەرمن».

پرسـیار ئەوەیە: ئـەم جیاکاریەی کە لەناوخێزانەکاندا بونی هەیەو دەکرێت، هۆکارەکەی چییە؟

توێژەرێکی کۆمەڵایەتیی، گرێیدەداتەوە بۆ زاڵبونی بیری «پیاوسالاریی».

بەنـاز حەسـەن، بۆ (نەوژیـن) وتی: «هێشـتا پیاوسـالاری بونـی هەیە و رێگـری کچانیش لـە تێکەڵبـون بە کۆمەڵگاو کرانەوە لەگەڵ دەوروبەردا بە ئاشکرا هەست پێدەکرێت».

وتیشـی: «کاتێک خێزانەکان پەسنی کوڕەکانیـان دەدەن و ئازادیی زۆریان پێـدەدەن، لەبەرامبەردا کۆت و بەندی زۆر دەخەنـە ژیانـی کچەکانیانـەوە، ئەمەش بەخراپ بەسەر لایەنی دەرونی و کەسـایەتیی کچەکاندا دەشـکێتەوە و مەترسـیی و کێشـەی گەورەتری بۆ داهاتو لێدەکەوێتەوە».

چالاکوانێکی بـواری ژنانیش، پێیوایە نزمی ئاسـتی رۆشـنبیری هەندێک لە خێزانەکان، بوەتە هۆی خولقاندنی ئەم حاڵەتە.

ئیمان نوری، وتی: «هەرچەندە ئێستا لە چاو جاران حاڵەتەکە کەمترە، بەڵام لەنـاو هەندێک لـە خێزانەکاندا ماوە و کوڕەکانیان لە کچەکانیان پێ گرنگترە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی هۆشیاریی و تێگەیشتنی دروست و لاوازیی ئاستی رۆشنبیریی خێزانەکان».

ژنانی کەلار وەرزشکردن دەبەنە پارکەکان

پارکێکی شارەوانی لەلایەن ژنانەوە دەکرێتە شوێنی بەپێ ڕۆشتن و وەرزشکردن

■ نەوژین، شانۆ ئیسماعیل

لە کەلار پارکێکی پەراوێزخراوی شارەوانی لەلایەن ژنانەوە کراوە بە شوێنی پیاسەکردن بەمەبەستی وەرزشکردن , وەکخۆیان دەیڵێن سەرباری ئاسودەییە دەرونیەکەی , لە روی جەستەییشەوە سودی زۆریان لێ بینیوە.

یەکێـک لـە باخچە بچـوک و پەراوێز خراو و بـێ خزمەتگوزارییەکانی کەلار کـە دەکەوێتـە گەرەکی شـارەوانی، ماوەیەکە ژنان بۆمەبەستی چارەسەری سروشـتی و پیاسـە و بەپێ ڕۆشـتن بۆکاتێکی زۆر روی لێدەکەن، هەرچەندە پارکەکە هێشـتا تەمەنی زۆرنیە و دار و سـەوزاییەکانی بە تـەواوی روبەری پارکەکەیان دانەپۆشـیوە، بەڵام ژنان هـەر زو توانیویانـە بیقۆزنـەوەو بۆ وەرزشی بەپێ ڕۆشـتن و «هەروەلە» بەکاری بێنن.

ئەڤین، یەکێکە لەو کچانەی ڕۆژانە دێتە پارکەکە بۆ پیاسـەکردن بەمەبەسـتی وەرزشیی، بۆ (نەوژین) وتی: «کاتێکی زۆر بە پێ ئەرۆم زۆر هەست بە خۆشی و ئاسـودەیی ئەکەم، لەماڵـەوە دڵم تەنگە کە دێمە ئێرە باش ئەبم».

ئەم پارکە لەلایەن شـارەوانی کەلارەوە دروسـتکراوە، بـەڵام بەکاریگەریـی قەیرانـی دارایـی کارەکانـی تـەواو نەکـراوەو وەکو پارکێکـی فەرمیی و هاوشێوەی پارکەکانی تری گەڕەکەکان نەکراوەتەوە. سـەرباری کچان، ژنانی بەتەمەنیش سەردانی دەکەن.

پیرۆز محەمەد، ٦٠ سـاڵ، کە لەکاتی بەرێرۆیشـتندا لـە پارکەکـە چاومان پێکەوت، باسیلەوەکرد کە بەهۆی ئەوەی نەخۆشـی بڕبڕەی پشت و ئازاری مل و قاچی هەیە، یەکێک لە چارەسەرەکانی بریتییە لە بەپێ ڕۆیشـتن، ئەم پارکە لـە جێبەجێکردنی ئەو چارەسـەرەدا هاوکاریی کردوە. وتـی: «ئەم بە پێ ڕۆشتنە سـودی زۆرە بۆ ئازاری قاچ و پشتم» .

> ئەم بە پێ ڕۆشتنە سودی زۆرە بۆ ئازاری قاچ و پشتم

هەرچەندە ئەم پارکە تایبەت نەکراوە بە ژنان، بەڵام زۆربەی ئەوانەی بە ڕۆژ روی لـێ ئەکەن ژنان و کچانـن، بەتایبەتی ئەوانەی ماڵیان لە پارکەکەوە نزیکە.

پەخشان، ژنێکی ٥٠ ساڵەیە کە ڕۆژانە دێتە پارکەکە، ئاماژەی بەوەکرد ڕۆژانە دو بۆ سـێ کاتژمێر دێتـە پارکەکەو پیاسەو بەپێ ڕۆیشتن دەکات، ئەمەش سـەرباری ئەوەی لەروی جەستەییەوە سـودی پێگەیاندوە، هـاوکات لە روی دەرونیشیەوە زۆر ئاسودەی کردوە.

ئەگـەر (پیرۆز) و (پەخشـان) وەکو چارەسـەری ئازاری ئێسک و بڕبڕەکان بێنە پارکەکە، ئەوا کەسـانێکی دیکە هەن بۆ مەبەسـتی تری تەندروسـتی سەردانی دەکەن.

سەرگوڵ، یەکێکی تر بو لەو ژنانەی لە پارکەکەدا بینیمان، وتی: «من دوگیانم، کە دێم بۆ ئێرە پیاسـە ئەکەم هەست بە باشی تەندروستیم ئەکەم، چونکە بە پێ ڕۆشـتن بۆ ئافرەتانی دوگیان زۆر پێویستە» .

بەشـێکی ژنان خوازیارن ئـەم پارکە بـە فەرمی تایبەت بکرێـت بە ژنان و هاوکات ئامێر و کەرەسـتەی وەرزشیی تێدا جێگیر بکرێت.

گوڵبۆ، ٤١ سـاڵ، بـۆ (نەوژین) وتی: «کێشم زۆرە و بۆ دابەزینی کێشم دێم بۆ ئەم پارکە، بەڵام هەندێکجار پیاوان و گەنجان لێرەبن ناتوانین بە ئاسودەیی نـاو پارکەکە بسـوڕێینەوە و پیاسـە بکەین».

وتیشـی: «هـاوکات ئەگـەر ئامێری تایبەتی وەرزشی لە پارکەکەدا دابنرێت ئەوا زۆر باشـترەو تەنانەت دەشتوانین پارەیەکیـش بدەین بۆ ئەوەی پارکەکە گونجاوتر بێت».

بەشـێکی دیکە لە ژنـان و کچان، بە دەستەو خێزانەوە ڕۆژانە دێنە پارکەکە، ئەمـەش دەرفەتـە بـۆ کچەکانیـان بەتایبەتـی، کە یاریی و پێشـبڕکێی راکردن ئەنجام بدەن.

(زەینـەب) و (ئەڤیـن)، دو کچـە خوێندکاری تەمەن ١٨ ساڵن، ئاماژەیان بەوەکرد کە بە خێزانی و کۆمەڵ شەوان دێنە ئەم پارکە و پێشـبرکێی راکردن ئەنجام دەدەن.

زەینەب وتی: «داواکارم گرنگیی زیاتر بە پارکەکە بدرێـت و هەوڵ بدرێت کە بکرێتە جێگەییەکی خێزانیی شیاو».

لەبەرامبەر ئەم داواکاریانەدا، سەرۆکی شـارەوانی کەلار، ئەکرەم سـاڵەح، بۆ (نەوژیـن) وتی: ئـەو پارکە کارەکانی تەواو بوە، بەڵام بەهۆی کەمی بودجەوە پەراوێز و بێخزمەتە.

مەترسـی خۆیشی پیشـاندا کە ئەگەر بودجەیان بۆ تەرخان نەکرێت بۆ دانانی باخەوان و کارمەند بۆی، ڕەوشی بەرەو خراپتر بڕوات.

لەبـارەی داواکاریـی دانانـی یاریی و کەرەستەی وەرزشی، سەرۆکی شارەوانی دانی بەوەدا نا کـە بەم بارە داراییەوە ناتوانن کارێکی لەوشێوەیە بکەن، بەڵام بیرۆکەکەی بە پەسەند و گونجاو زانی.

هۆڵێک کچانی وەرزشکاری رزگاریی کۆدەکاتەوە



■ نەوژین، ژینۆ عەلی

چەند مانگێکە لەناحیەی رزگاریی سەر بە قەزای کەلار، هۆڵێکی داخراوی وەرزشیی تایبەت بە ژنان کراوەتەوە، نزیکەی ٢٠ ژن سەردانی دەکەن و وەرزشی تێدا ئەنجام دەدەن، کە وەکخۆیان دەڵێن زۆر سودیان لەو وەرزشکردنانە بینیوەو هانی کچانی دیکەش دەدەن چاویان لێبکەن.

لەگەرمیان دا ماوەیەکە ڕۆشتنی ژنان بۆ هۆڵەکانی وەرزشیی برەوی پەیداکردوە، بەڵام ئـەم حاڵەتە لە ناحیەی رزگاریی دواکـەوت تا ئەم چەند مانگەی رابردو، پاش ئەوەی هۆڵێکی داخراوی وەرزشی پیاوان، بەشـێکی بۆ ژنـان کردەوەو کاتێکی بـۆ ژنان تەرخانکرد بۆ ئەوەی وەرزشی تێدا ئەنجام بدەن.

ئەو ژنانەی سـەردانی هۆڵەکە دەکەن، خۆشحاڵ و رازیی بون بە بونی هۆڵەکەو باسیان لەو سودانەکرد کە بینیویانە.

شـنۆ سـاڵح، ٣٤ سـاڵ، یەکێکە لە هاموشـۆکەرانی هۆڵەکە، بۆ (نەوژین) وتی: «لەبەرئەوەی کێشم زۆر بو، باری تەندروستیم باشـنەبو، بۆیە بڕیارم دا بێم بۆ ئەم هۆڵە».

وتیشـی: «لەوەتەی هاتوم بۆ هۆڵەکە سودی باشم بینیوە».

ئەو هۆڵەی کە ژنانی رزگاری وەرزشـی تێدا دەکەن، ناوی (هۆڵی وەرزشـی و لەشجوانی ئارنۆڵد)ە، کە نزیکەی شەش مانگە بەشی ئافرەتانی کردوەتەوە.

خاوەنـی هۆڵەکـە، شـوان عەلی، بۆ (نەوژیـن) دەڵێت: «کاتێـک بینیمان رێژەی هۆڵـی لەشـجوانی لەکەلار رو لەزیادبونە و ژنانێکی زۆر سودمەند دەبن لێی، بەپێچەوانەی رزگارییەوە کە تەنها هۆڵێـک بونی نەبو تا ژنان سـەردانی بکەن، بۆیە بڕیارمـان دا بەکردنەوەی شەفتێکی تایبەت بەژنان».

دەشـڵێت: «چۆن پیـاوان ئارەزویانە ببـن بەخـاوەن لەشـولارێکی رێک و تەندروسـت، بەهەمان شـێوە ژنانێکی زۆریـش ئارەزویانـە و دەمانبینین کە زۆرێک لەژنـان دەیانەوێت شـوێنێک هەبێـت تا بۆی بچـن و تیایدا وەرزش بکەن».

ئاماژەی بەوەشـکرد «لـەم ماوەیەدا رێژەیەکـی بـاش لەژنان سـەردانمان دەکەن و توانیویانە سودمەند ببن».

شـەفتی تایبەت بە ژنان لـە هۆڵەکە دا، لەلایـەن راهێنەرێکـی ئافرەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

ئـاڵا محەمەد، راهێنـەری هۆڵەکە، بۆ (نەوژین) وتی: «ماوەی شـەش مانگە لێرە بەشی ژنانمان کردوەتەوە، ڕۆژانە ژنـان بەزۆری رو لـەم هۆڵە دەکەن و هەریەکەیان بەهۆکارێک».

دەشـڵێت: «ئێسـتا ١٩ ژنمان لایە، بەڵام بەپێی مانگـەکان رێژەی ژنەکان دەگۆڕێن، مانگی وایـە زۆرن و مانگی واش هەیە کەمترن».

> ناکرێ لەبەر قسەی خەڵک تەندروستی خۆت پشگوێ بخەیت

لەو کەشە کۆمەڵایەتیە تاڕادەیەکی زۆر داخـراوەی کە لەناحیەکەدا هەیە، ژنان توانییانە ئەو رێچکایە بشـکێنن و گوێ بەو توانج و قسانە نەدەن کە روبەڕویان دەبێتەوە.

ئـاڵا، دەڵێـت: «قسـەو توانـج هەر دەرکرێت، بەڵام ناکرێ لەبەر ئەو قسانە تەندروستی خۆت پشگوێ بخەیت».

ئـەو هۆڵـی لەشـجوانیە دەوام تیایدا دو شەفتە، شـەفتی نیوەڕوان تایبەت کـراوە بەژنان، کە لە کاتژمێر ١٢ بۆ ٣ دوانیوەڕوان دەبێت، هەمو هەفتەیەکیش ڕۆژی سێشـەمانیان تایبـەت کـردوە بـە چون بـۆ مەلەوانگـە. لەبەرامبەر بەشـداریکردن لە کۆرسێکی هۆڵەکەدا بۆ ماوەی مانگێک، بڕی (٢٥) هەزار لە ژنان وەردەگیرێت.

شـۆخان، لەوبارەوە دەڵێـت: «ئێمە کە خاوەن داهاتـی خۆمانین بڕی ئەو پارەیـەی کـە ئەیدەین باشـە، بەڵام بـۆ ئەوانەی خاوەن داهـات نین تۆزێ گرانە» .

هەندێک لەو ژنانەی کە سەردانی هۆڵی لەشـجوانی دەکەن بـۆ رێککردنەوەی لەشـولاریانە، هەندێکیشـیان بۆ بونی نەخۆشیەکە کە هەیانە.

ئاڵا عەبدوڵڵا، ٢١ سـاڵ، بۆ (نەوژین) وتی: «بـۆ ئـەوەی ببـم بەخاوەنی لەشـێکی جوان هاتـوم بۆئێرە، جگە لەوەش وەرزش شـتێکی پێویسـتە، هـەم لـەڕوی دەرونیەوە هـەم لەڕوی تەندروستیەوە» .

بەڵام (سەرگوڵ حەمید) وەکو بەشێک لـە چارەسـەر سـەردانی هۆڵەکەی کردوەو بەوتەی خۆیشـی سودی زۆری لێببینیوە.

ئەو کە تەمەنی ٣٤ ساڵە، بۆ (نەوژین) وتـی: «لەبەر ئەوەی هـەردو ئەژنۆم نەشـتەرگەری بۆ کرابو، بۆیە هاتم بۆ ئێرە، لەوەتەی هاتومەتە ئێرە و وەرزش دەکەم هیـچ عیلاجێکم بەکارنەهێناوە، تەنانـەت سـەردانی دکتۆریشـم نەکردوە» .

ئاڵا محەمـەد، جەختی لە قسـەکانی (سـەرگوڵ) کردەوەو باسـیلەوەکرد «زۆرێک لەو ژنانەی سەردانمان دەکەن نەخۆشـی فشـاری خوێن یاخود هەر نەخۆشیەکی تریان هەیە، بەڵام سودێکی زۆریان بینیوەو فشاری نەخۆشیەکەیان لەسەر سوکتر بوە» .

«کارەکەمان زۆر پێخۆشە و دەمانەوێت برەوی پێبدەین»

فرۆشگای دو خوشک لە کەلار

■ نەوژین، رۆژان عەزیز

لەنێو جەرگەی گەڕەکی (گۆران)ی شاری کەلار دا، ٢ خوشک دەستیانداوەتە کارێکی جیاواز، ئەوان بۆ یەکەمجار وەکو دو کچی گەنج هەستاون بە کردنەوەی فرۆشگایەکی تایبەت بە کەرەستەی جوانکاریی، ئەم کارەش لەسەرەتاوە تاڕادەیەک بۆ دانیشتوانی گەڕەک و کڕیاران نامۆ بوە، بەڵام دواتر ئاسایی بوەتەوەو بگرە ئێستا دەستخۆشیان لێدەکەن.

(ئەدیبە) و (ئەژین)، دو خوشکی دانیشتوی گەڕەکی گۆڕانن، هەر لەگەڕەکەکەیان و چەند سەد مەترێک دورتر لە ماڵی خۆیان، دوکانێکیان کردوە بە فرۆشگای جوانکاریی و کەلوپەلی تایبەت بە ژنان، کارەکەشیان لەبرەو سەندن دایە و لەلایەن ژنانەوە پێشوازیی باشیي لێدەکرێت.

ئەدیبە محەمەد، (٢٧)ساڵ، سەبارەت بە کارەکەیان و چۆنیەتی دەستپێکردنیان، بۆ (نەوژین) وتی: «هەڵبژاردنی کاری دوکانداری سەرەتا وەک خولیایەک هەڵمانبژاردوە و دواتریش بۆ رزگارکردنی کچان و ژنان لەتانە و توانج و پێدانی ئاسودەییەکی زیاتر بۆیان لە شت کڕین دا».

وتیشی: «هەندێک ئافرەت گلەیی ئەوەیان هەبو کە لەکاتی کڕینی پێداویستیەکاندا، بە رەحەتی ئەو کارە ناکەن یان بەهۆی توانج و هەندێکجار شەرمی کۆمەڵایەتییەوە، ناتوانن ئازاد بن لەو کارەیان».

> سەرەتا کارەکەمان زۆر بە ناخۆشی سەیر کرا، بەڵام وردە وردە باشتر بو

ئەم کارەی ئەو دو خوشکە کردویانە، ئەگەرچی لە روی کاتەوە لەچاو شارەکەدا دواکەوتوە، بەڵام بەنیسبەت گەڕەکەکەوە کە تاڕادەیەک کەشێکی کۆمەڵایەتیی داخراو بەسەریدا زاڵە، دەستپێشخەریەکی نوێ و ئازایانەیە.

ئەژین محەمەد، (٢٣) ساڵ، کە لەگەڵ (ئەدیبە)ی خوشکی دا دوکانەکە بەڕێوەدەبات، بۆ (نەوژین) وتی: «سەرەتا کارەکەمان زۆر بە ناخۆشی سەیر کرا، بەڵام وردە وردە باشتر بو».

ئەو کچە هێمای بەوەدا کە قسەو توانجیان لەبارەی کارەکەیانەوە بیستوەتەوە، بەڵام ئەوان گوێیان پێنەداوەو نەیانهێشتوە خەونەکانیان بدەنە دەست قسەلۆکی خەڵکی.

وتی: «هەرچەند لە پاشەملە قسە هەر دەکرێت، بەڵام تائێستا کەس نەهاتوە راستەوخۆ دژی کارەکەمان بێت، ئێمە بێ گوێدانە قسە بەردەوامین لە کارەکەمان».

> بونی کچانی فرۆشیار بەکار و هەنگاوێکی باش دەزانم

ئەوەی ئەو دو خوشکەی زیاتر سورتر و سەرکەوتو کردوە لە کارەکەیان، پشتوانیی ماڵەوەیانە.

ئەژین، وتی: «ماڵەوە پشتگیرێکی باشی ئێمەن لەکارەکەمان، بەڵکو هەندێک کات لەگەڵمان دەبن و هاوکاریمان دەکەن لە بەڕێوەبردنی دوکانەکەدا».

ئەگەرچی سەرەتایان بە بازاڕێکی کز و کۆڵێک قسەو سەرسوڕمانی ژنان و پیاوانی گەڕەک دەستپێکردوە، بەڵام ئێستا پرۆژەکە بوەتە جێگای پەسەندی دانیشتوانی گەڕەکەکەو بەتایبەت ژنان کە کڕیار و هاموشۆکەری ئەو فرۆشگایەن.

فاتمە، ژنێکی دانیشتوی گەڕەکی گۆرانە، لەنێو دوکانەکەدا چاومان پێکەوت، خۆشحاڵیی و هاندانی خۆی لە بارەی بونی وەها فرۆشگایەکەوە خستە رو. وتی: «هەبونی فرۆشگای وەها کە کچان بەڕێوەی ببەن بەباش دەزانم، چونکە لە دوکانەکانی تر دا لەوانەیە بەهۆی شەرمکردنەوە نەتوانین هەندێک کەرەستەو جلوبەرگ تاقی بکەینەوە یان بیکڕین، بەڵام لێرەدا ئاسودەترین و چیمان بوێت بەدەستی دێنین».

سارا، کڕیارێکی تری فرۆشگاکەی جوتە خوشکەکەیە، هاوڕایە لەگەڵ بۆچونەکانی (فاتمە) و وتی: «بونی ئەم دوکانە ئەگەر بۆ خاوەنەکەی باش و سودمەند بێت، ئەوا بۆ ئێمەش باشە کە بە ئاسودەییەوە سەردانیان دەکەین و شتیان لەلا دەکڕین».

وتیشی: «بەگشتی بونی کچان وەکو فرۆشیار لە دوکانەکاندا بەکار و هەنگاوێکی باش دەزانم و هیوام وایە کچان شەرم نەکەن لە کارکردنیان».

ئەو بازاڕ و ئاستەی ئیشکردن کە ئەو دو خوشکە لە فرۆشگاکەیان دا پێی گەیشتون، ماوەیەکی زۆری ویستوە، ئەمەش وایکردوە کە کاتەکانی کارکردنیان بەسەر رۆژ و شەودا دابەش بکەن، بۆ ئەوەی زۆرترین دەرفەت بە ژنانی کڕیار بدەن بۆ سەردان کردنیان.

ئەدیبە، لەوبارەوە وتی: «کاتی کارکردنمان بەسەر رۆژان و شەوان دا دابەشکردوە، بەیانیان تا ١٢ ی نیوەڕۆ لە دوکان دەبین و دوانیوەڕوانیش تاخۆرئاوابون، ئێوارانیش هەندێکجار تا ١٢ی شەو لە دوکانەکەماندا دەمێنینەوە بەپێی بازاڕ و رێژەی کڕیارەکان».

بۆ ئەمەش ئەوە هاوکاریی کردون کە ماڵەوەیان نزیکە لە شوێنی کارەکەیان.

بەدەنگێکی تێکەڵ لە پێداگیریی و خۆشحاڵیشەوە وتی: «بەدڵنیاییەوە بەردەوام دەبین لە کارەکەمان، چونکە کارەکەمان زۆر پێخۆشە و حەز ئەکەین برەوی پێبدەین و بیگوازینەوە بۆ ناو بازاڕ، بەڵام ئێستا بەهۆی نەبونی دەستمایەی باشەوە ناتوانین ئەوە بکەین».

ناهێڵرێت ژنانی جیابوەوە کار بکەن

■ نەوژین، شاناز جاف

پاش جیابونەوەیان لە مێردەکانیان و بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان، ژنان رو لەکارکردن دەکەن بۆ ئەوەی بەشێک لە سەربەخۆیی خۆیان و منداڵەکانیان بپارێزن، بەڵام کۆمەڵگا و کلتور ئەو مافەشی لێسەندون.

ژنان لەگەڵ جیابونەوەیان لە مێردەکانیان روبەروی کومەڵێک ئاستەنگی کلتوری و کۆمەڵایەتی دەبنەوە، یەکێک لەو ئاستەنگانەش رێگەنەدانە بە کارکردنیان، کە پێویستیەکی گرنگە بۆ ئەو ژنانە لە دوای جیابونەوەیان.

نەسرین، ناوی ژنێکی تەمەن ٣٠ ساڵە و خاوەنی ٣ منداڵە و لە مێردەکەی جیابوەتەوە، بۆ (نەوژین) باس لەوەدەکات: «بەخێوکردن و دابینکردنی پێداویستی منداڵەکانم و کرێی خانو، قورسییەکی زۆی بۆ دروستکردم و لەگەڵ ئەوەش هێشتا کۆمەڵگا رێگری بۆ دروستکردوم.»

دەشڵێت: «سەرەڕای ئەوەی کاری مامۆستایی دەکەم، بەڵام بۆ دابینکردنی بژێویم لە مارکێتێک کاردەکەم کە ئافرەتی دیکەش کاری تێدا دەکات، بەڵام خێزانەکەم بە هۆی تانە و تەشەری کۆمەڵگاوە رێگرییان لێکردم لەوەی بەردەوام بم لەکارکردن.»

نەسرین، رونیشیدەکاتەوە: «چەندینجار هەلی کارکردنم بۆ رەخساوە، بەڵام خێزانەکەم رێگەم پێنادەن کار بکەم.»

بەشێک لەو ژنانەی لە مێردەکانیان جیادەبنەوە لە ماڵی باوکیان ژیان بەسەردەبەن و لە لایەن ماڵی باوکیانەوە پێداویستیەکانیان دابین دەکرێت، بەڵام قەیرانی دارایی وایکردوە ئەو ژنانەش پێویستیان بە کارکردن هەبێت.

> پێشتر کارم دەکرد، کە جیابومەوە خێزانەکەم نەیانهێشت کار بکەم

کاڵێ، ٢٦ ساڵ، خاوەنی ٢ منداڵە و لە دوای جیابونەوەی، لە ماڵی باوکی ژیان بەسەردەبات. بە (نەوژین)ی وت: «هیچ کارێک ناکەم و ژنی ماڵەوەم، بەڵام پێویستی زۆرم بە کارکردن هەیە، چونکە ناتوانم پێداویستی منداڵەکانم دابین بکەم.»

وتیشی: «دایک و باوکم رازیکرد کار بکەم لە دوکانێکی جوانکاریی دا، بەڵام دواتر براکەم بەزۆر نەیهێشت لەکارەکە بەردەوام بم».

ئاماژە بەوەشدەکات: «تەنها ١٥ رۆژ لەو دوکانەدا کارم کرد، کە براکەم زانی هاتە شوێنکارەکەم و بە زۆر دەریکردم.»

ئەگەرچی بەشێک لەو ژنانەی لەلایەن خانەوادەکانیان و بە تایبەتی براکانیانەوە لە کارکردن بێ بەشدەکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو پێویستیش لەلایەن براکانیانەوە هاوکاری ناکرێن.

شەیما، یەکێکی دیکەیە لەو ژنانەی خانەوادەکەی رێگەی کارکردنی پێنادەن و دەڵێت: «پێشتر کارم دەکرد، بەڵام کە لە هاوسەرەکەم جیابومەوە خێزانەکەم لە کارەکەم دەریان کردم.»

ئەو کە ژنێکی تەمەن ٢٨ ساڵە، بە دەم هەنسکی گریانەوە بۆ (نەوژین)ی دەگێرایەوە: «ماوەی چوار ساڵ کاری خۆمم هەبو کارم دەکرد و بژێوی خۆم پەیدا دەکرد، بەڵام پاش جیابونەوەم لە مێردەکەم براکەم رێگەی پێنەدام کاربکەم و بە ناچاری وازم هێنا.»

دەشڵێت: «کارەکەم جگە لەوەی باخەڵێکی پڕی پێ بەخشیبوم دەمتوانی هەوای ئازادی هەڵمژم، بەڵام دواتر بە ناوی ئەوەی بێوەژنم و نابێت کار بکەم، هاوشێوەی زیندانیەک لە ماڵەوە ماومەتەوە، لە کاتێکدا ئێستا زیاتر لە جاران پێویستم بە کار و هەوای ئازادییە.»

لەشرۆڤەی ئەم حاڵەتەدا، توێژەرێکی کۆمەڵایەتیی ئاماژە بەوەدەکات کەلەپشت هەمو ئەم ستەمەوە، ئەو تێڕوانینە نابەجێیە هەیە کە کۆمەڵگا بۆ ژنانی جیابوەوە هەیەتی.

سامان عادل، توێژەری کۆمەڵایەتی، بە (نەوژین)ی وت: «زۆربەی ئەو ژنانەی لە مێردەکانیان جیادەبنەوە، کۆمەڵگا بە چاوێکی دیکەوە سەیریان دەکات و زۆرتر چاویان لەسەرە.»

دەشڵێت: «هەندێکجار ئەو کەسانەی رێگە بە کارکردنی ئەو ژنانە نادەن وای لێکدەدەنەوە کە ئەو ژنانە زیاتر بە چاوی (تەماحەوە) لە کۆمەڵگادا سەیردەکرێن.»

تابان... ئەزمونی ژنێک لەگەڵ سەرکەوتن و کۆڵنەدان دا




■ نەوژین، پەیام لەتیف

لەهەناوی ستەمگەریی وئازارەکانی ژێر دەستی داگیرکاریدا، لەگەرمیانداو لەناو خێزانێکی پێشمەرگە و بەجێماوی ئەنفالدا، ژنێک بەدیار خەونەکانیەوە راناوەستێت بەڵکو دەیانکاتە راستی. (تابان گەرمیانی) نازناوی ژنێکی نوسەرو رۆژنامەنوس و راگەیاندنکار و سیاسیە.

تابان عەبدوڵڵا تەیب، لەساڵی (١٩٧٢) لەدێی سەنگەر-ی سەر بە قەزای خانەقین لەدایکبوە، لەساڵی (١٩٧٥) لە نسکۆی شۆرشی ئەیلول ئاوارەی ئێران دەبن، دوای گەڕانەوەیان رەوانەی خواروی عێراق کراون و تاساڵی (١٩٧٩) دەگەڕێنەوە کەلار.

وەکخۆی دەڵێت: ساڵی (١٩٨٠) دەچێتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی ئەڵوەن. بەهۆی ئەوەی باوکی لەساڵی (١٩٨٤) دەبێتە پێشمەرگە و خێزانەکەشی چەندینجار روبەڕوی گرتن دەبنەوە، بۆیە ژیانی شار جێدەهێڵن و دەچنە گوندی وریێڵە-ی سەر بە ناحیەی باوەنور، لەوێ لەقوتابخانەی شۆڕش درێژە بەخوێندن دەدات.



خەم وئازارەکانی تابان گەرمیانی زیاتر لەوکاتەوە دەست پێدەکات کەبەشێکی زۆری خێزانەکەی لەشاڵاوی ئەنفالدا لەدەستدەدات. بەدەم حەسرەتی لەدەستدانیانەوە دەڵێت: «٧ خوشک وبرام لەو شاڵاوە شومەدا ئەنفالکران وهەر لەوساڵەدا مامەیەکیشم کەپێشمەرگە بو شەهیدبو».

دوای ئەنفالیش خێزانەکەیان تەسلیم نابنەوە، بەڵکو دەچنە ئێران و پاش راپەڕینی ١٩٩١ دەگەڕێنەوە کوردستان و لەکەلار نیشتەجێ دەبن.

سەرەتای کارە رێکخراوەیەکانی لەئاوارەیدا دەست پێدەکات، لەساڵی (١٩٨٩) پەیوەندی دەکات بە یەکێتی ژنانی کوردستان، دواتر و هەمو پلەکانی ئەندامی لەو رێکخراوە دەبڕێت و لەساڵی (١٩٩٩) وەک لێپرسراوی لقی گەرمیان دەستنیشان دەکرێت، دواتریش دەبێتە ئەندامی سکرتاریەت.

ئەو شانازیی بەوکارانەیەوە دەکات کەلەماوەی بەرپرسیارێتی دا لە لقی گەرمیانی یەکێتی ژنان ئەنجامیداون «بەشداربوین لە ئەنجامدانی چەندین کاری باشی وەکو: کردنەوەی یەکەم دایەنگە، کردنەوەی کتێبخانەی رزگاری، دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی ژنان، دامەزراندنی چەندان فەرمانبەری ژن لە دامودەزگانی حکومەت، رەخساندنی هە لی کار بۆ ژنان، کردنەوەی خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری، ئەنجامدانی چە ندان پرۆژەی تەندروستی و کاری دەستیی و کشتوکاڵی و ئابوریی».

جگە لەکاری رێکخراوەیی، تابان گەرمیانی وەکو راگەیاندکارێکی دیاری ژن لەگەرمیاندا رۆڵی گێڕاوە، ئەو یەکەم بەڕێوەبەری رادیۆی (تەوار) بوە، کە یەکەمین رادیۆی تایبەتمەندە بە ژنان لە عێراقدا، ئەمەش پاش ئەوەی لە رادیۆی دەنگی گەرمیان و تەلەفزیۆنی کەلار، لەساڵانی نەوەدەکان وەکو بێژەر و پێشکەشکار کاریکردوە، ئەمە جگەلەوەی دامەزرێنەر و نوسەر و پەیامنێری ژمارەیەک دەزگای راگەیاندن و رۆژنامە بوە.

خولیای نوسین لای تابان گەرمیانی، بەتایبەتی لە بواری ژناندا چڕ بوەتەوە، لەورووەوە کتێبێکی چاپکردوە بەناوی «دەستکەوتەکانی ژنانی باشوری کوردستان لەنێوان ساڵانی (١٩٩٢-٢٠١٤)» ئێستاش سەرقاڵی چاپی بەشی دوەمی هەمان کتێبە. جگەلەوەش کتێبێکی بەناوی «رۆژمێری ژنی کورد» ئامادەیە بۆ چاپ، کەتایبەتە بەنوسینەوەی هەمو ئەو روداوانەی پەیوەندیان بە رەوشی ژنانەوە هەیە. وتیشی: «هەروەها خەریکی کارکردنم لەکتێبێکی تردا کەئەوەش باسکردنە لەژنی گەرمیان».

لەبواری نوسینی ئەنفالیشدا، تابان گەرمیانی وەکخۆی ئاماژەی بۆکرد: «زیاتر هەوڵم داوە لێکەوتەکانی ئەنفال لەسەر ژن بخەمەڕو، بەوپێەی خۆم کەسوکاری ئەنفالم و لە ناوچەیەکدا بوم زۆرترین رێژەی قوربانی بەرکەوتوە».

کاتێک پرسیاری ئەوە لە تابان گەرمیانی دەکەیت: بۆچی نوسینەکانی تەرخان کردوە بەباسکردن لەژن؟ دەڵێت: «من ژنایەتیم لەسەروی هەموشتێکەوە دەبینم، ژنایەتی خۆمم زۆر خۆشدەوێت».

سیاسەت بەدەر نیە لە کارەکانی تابان گەرمیانی، بەڵکو ئەو لەناو مێژویەکی سیاسیی دا گەورەبوە «بەهۆی خێزانەکەمەوە هەر زو تێکەڵ بە دنیای سیاسەت بوم، ساڵی (١٩٩٦) بومەتە ئەندامی کۆمیتەی یەکێتی لەکەلار و ئەندامی هەرسێ کۆنگرەی یەکێتی بوم و لەساڵی (٢٠١٠) بومەتە ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەندی هەمان حیزب، لە ساڵی (٢٠١٣) کاندید بوم بۆ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئێستاش ئەندامی ئەنجومەنی مەکتەبی شەهیدانی یەکێتیم».

تابان گەرمیانی هاوسەرگیری کردوەو هاوسەرەکەشی بەهەمان شێوە نوسەرو رۆژنامەنوسەو لەئێستادا دانیشتوی شاری سلێمانیە.

هەمو ئەم کارانەی تابان گەرمیانی بە دەرنەبوە لە رێگریکردن و قسەکردنی خەڵک، بەڵام پشتگیری خێزانەکەی وایکردوە کۆڵنەدات. دەڵێت: «راستە باوکم پیاوێکی نەخوێندەوار بو، بەڵام تاسەر ئێسقان یەکسانی خوازبوە و پشتیوانیەکی گەورەم بوە».

تابان گەرمیانی، بڕوای بەشکست نیە لە ژیاندا بەتایبەتی بۆ ژن، دەڵێت: «هەرگیز بڕوام بەشکست نیە بۆ ژن، چونکە تا شکست نەهێنیت لە هەوڵەکانت، ناتوانی بیربکەیتەوە و داهێنان بکەیت و هەنگاوی جیاوازتر بنێیت، ئەمەش لەمێژوی هەمو ژنێکی سەرکەوتو دا بونی هەیە».

چیرۆکی ئەو کچانەی بە یەک ئەڵقە هاوسەرگیریی دەکەن

■ نەوژین، ژینۆ عەلی

کاتێک (سەریاس) گەیشتە ئەوەی مارەببڕێت، جگە لە یەک ئەڵقەی زێڕ، هیچی تری لەو کوڕە نەویست کە دەبێتە هاوسەری، ئەمەش بەلای خێزانەکەیەوە پێش خەڵکی، مایەی سەرسوڕمان و تەنانەت لۆمەکردنیش بو، کە چۆن بەبێ هیچ برە زێڕێک رازیی دەبێت شو بکات؟

زێڕ نرخی
راستەقینەی
مرۆڤ دیاریی
ناکات

کڕینی زێڕ بۆ ژن لەکاتی پرۆسەی هاوسەرگیریی دا، نەریتێکی لەمێژینەو کۆنی کۆمەڵگای کوردییە، کەتائێستاش درێژ بوەتەوە. ژنان لەبری شوکردنیان بە پیاوان، بڕێک زێڕ وەردەگرن بۆخۆیان، ئەمەش زۆرجار کێشەی دروستکردوە و زۆر هاوسەرگیریی لەسەر دیارییکردنی بڕی ئەو زێڕەی کە بۆ ژنەکە دەکرێت، بە ئاکام نەگەیشتوە.

لەم ماوانەی دواییدا، هەندێک لە کچان ئەم نەریتەیان تێپەڕاندوە، ئەویش کاتێک ئامادەبون بە کەمترین پارچە زێڕ کە لەزۆر باردا تەنها ئەڵقەیەکە، هاوسەرگیریی لەگەڵ کوڕانی دڵخوازی خۆیان دا بکەن.

سەرکەوت نیعمەت، خاوەنی زێڕەنگەری سەرکەوت لەکەلار، جەختلەوەدەکاتەوە کە حاڵەتەکانی نەکردنی زێڕ بۆ ژنان لەکاتی مارەبڕین دا روی لە زیادبونە. وتی: «زۆر کەس هاتونەتە لام و تەنها ئەڵقەیەکیان ویستوە و هیچی تریان داوا نەکردوە، بەڵام لەبەرامبەر داوایماڵیان کردوە».

سەریاس، ٢٤ ساڵ، یەکێکە لەو ژنانەی کە تەنها یەک ئەڵقەی وەکو دیاریی هاوسەرێتی، لە هاوسەرەکەی وەرگرتوە. بۆ (نەوژین) وتی: «من بەخۆشەویستی هاوسەرگیریم کرد و هیچ حەزم بە زێڕیش نەبو، بۆیە پێم باشبو کە داوای زێڕ نەکەم و پێشموایە شتێکی تەقلیدییە».

داواکردنی زێڕ لەکاتی هاوسەرگیرییدا، بە زۆری بۆ ئەوە بوە کە نرخێک بە ژنەکە بدرێت، والێکدراوەتەوە کە هەتا بڕی ئەو زێڕەی بۆ ژنەکە دەکرێت زیاتر بێت، مانای وایە نرخ و پێگەی زۆرتر و سەنگین ترە.

گیاڕەنگ، ٢٣ ساڵ، یەکێکی ترە لەو کچانەی لە هاوسەرگیرییکردن دا زێڕی نەویستوە. بۆ (نەوژین) وتی: «هیچ کات پێم وانەبوە زۆرکردنی زێڕ شەخسیاتم بەرزبکاتەوە».

ئەگەر ئەو کچانە خۆیان بڕیاری لەوشێوەیەیان دابێت، ئەوا بەلای خێزانەکانیانەوە حاڵەتێکی نامۆ و چاوەڕوان نەکراو بوە.

ئامینە، ٥٦ ساڵ، دایکی یەکێک لەو کچانەیە کە بەبێ داواکردنی زێڕ هاوسەرگیریان کردوە. بۆ (نەوژین) وتی: «کاتێک کچەکەم خوازبێنی هات و ئێمە پێمان وت بڕێک زێڕ داوا بکە، بەڵام خۆی رای لەسەر نەبو، ئێمەش زۆرمان لێنەکرد و رازی بوین لەسەر ئەوەی تەنها ئەڵقەیەک داوا بکات».



لەپاڵ خێزانەکان، هاوکات ئەو کچانەش روبەڕوی قسەو توانج و بە نامۆ سەیرکردنی کۆمەڵگا دەبنەوە.

سەریاس، لەوبارەوە وتی: «خەڵکی توانجیان لێدەداین و پێیان دەوتین کچە بێ مارەییەکە، بەڵام گوێم پێنەدان و قسەی ئەوانم لاگرنگ نەبو».

بەرای توێژەرێکی دەرونی، ئەو کچانەی زێڕیان نەویستوە بۆ هاوسەرگیریی کردنیان، لەژێر فشاری تانەو توانجی کۆمەڵگا دەبن، بەڵام کارەکەیان بۆ ئایندە کاریگەریی باش و ئیجابیی دەبێت.

کارزان فوئاد، بۆ (نەوژین) رونیدەکاتەوە «ئەو کچانەی کە یەکەم هەنگاو دەنێن بۆ تێکشکانی ئەو کلتورە، باج و قوربانی دەدەن، بەڵام لە ئایندەدا کۆمەڵگا هۆشیار دەبێتەوە کە ئافرەت بۆ فرۆشتن نیە و زێڕ نرخی راستەقینەی مرۆڤ دیاریی ناکات».

لە روە یاساییەکەوە، پارێزەرێک رایەکی دیکەی هەیە، پێیوایە ژنان دەتوانن لەپێشەکی خۆیان خۆش بن، بەڵام لە پاشەکیی نا.

پارێزەر (نەشاد عومەر)، وتی: «ئەگەر کوڕەکە خراپ بێت و بە ناحەق ژنەکە تەڵاق بدات، مافی ژنەکە دەفەوتێت، چونکە هیچ زێڕێکی نەکردوە هەتا وەک قەرەبو سودی لێببینێت».

دەشڵێت: «دەکرێت کچ بە تەنها ئەڵقەیەک رازی بێت و لە بەرامبەردا مارەیی پاشەکی (دواخراو) دیاریی بکات، ئەمەش وەکو گرەنتیەک دەبێت بۆی».

بەڵام وادیارە بۆچونی ئەو کچانە لە بیرێکی ترەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوان پێیانوایە ئەوەی هاوسەرگیرییەکەیان بە شادیی دەهێڵێتەوە، پەیوەندیی باشی خۆیانە، نەک زێڕ و بابەتی دیکەی مادی.

شۆخان، ٢٩ ساڵ، ژنێکە لە هاوسەرەکەی جیابوەتەوە. جەخت لەو رایە دەکاتەوەو دەڵێت: «من بڕێکی زۆر زێڕم داواکرد، بەڵام خۆشبەختی بۆ نەهێنام لەگەڵ هاوسەرەکەم، بۆیە سەرەنجام جیا بومەوە».

نوسەر و شاعیر، ئاواز نەجم:

کورد لە ئەدەبیشدا غەدری لە ژنان کردوە

▪ نەوژین، زەردەشت محەمەد

ئاواز نەجم، بە ٢٥ ساڵی تەمەنەوە، وەکو قەڵەمێکی ژنانە لەگەرمیان دەرکەوتوە، لەپاڵ ئەو تێکستە شیعری و ئەو وتارانەی لەسەر پرسی ژنان بەتایبەتی و ئەدەب و کۆمەڵگا بەگشتی دەیورووژێنێت، خاوەنی هەندێک بۆچونی تایبەتە لەبارەی بون و پێگەی ژن لە ئەدەبیاتی کوردیی دا.

ئـەو لەمیانـەی دیدارێکـدا ئامـاژە بەوەدەکات کە لــە ئەدەبی کوردیی دا ناهەقیەکــی زۆر بەرامبەر بە ژن کراوە، بەوپێیەی ژنی وەکخۆی قبوڵ نەکردوە، هــەروەک دەنگــی ژنیش لــە ئەدەبی کوردی بە کز و لاواز هەژمار دەکات.
بەگەڕانەوە بۆ ســەرەتاکانی ئەدەبیات بەگشــتی، دەڵێــت: «بەدرێــژای ســەردەکانی رابردو تاپێش ســەدەی هەژدەیەم، دۆخی مەعریفی لە قۆناغێکی سەرەتایی دا بو بەتایبەت لای ئافرەتان، چونکە بواری نوسین و خوێندن و مافی خوێندنی پێنــەدراوە، هەمو ئەو دەنگ و عەقڵە گەورانــەی لەبواری ئەدەب دا هەبون پیاوان بون، ئەمــە مانای وایە دەرفەت بە ژن نــەدراوە خۆی بەراورد بکات و خۆی بسەلمێنێت».
لەم بۆچونەوە دەپەڕێتەوە سەر دۆخی ژن لە ئەدەبیاتــی کوردیی، کە بەرای ئەو رەوشەکەی خراپتر بوە، چونکە ژنی کورد درەنگتر دەســتی بە رۆشنبیریی و کرانەوە راگەشــتوەو قۆناغێک دوای ژنانی جیهان بەو بوارە ئاشنا بوە.
دەڵێــت: «لەکۆمەڵــگای خۆمــان دا ئافرەت هەر نەیتوانیوە دەنگ هەڵبڕێت، بۆیــە زۆرتر ئامادەیی ژن لە ئەدەبیاتی کۆنــی کوردیی، وەکو کەرەســتە بوە، بەو واتایەی کە وەکو ئیلهامی شــیعری بەکارهێنراوە».
ئاواز، وایدەبینێت لەبــواری ئەدەب دا ٢ غەدری گەورە لــە ژنی کورد کراوە، جارێک بەوەی نەهێڵراوە بێتە پێشەوە، جارێکیش بەو تێڕوانیەی کەلە ئەدەبی میلليی دا بۆ کەسایەتیی ژن هەیە.
دەڵێت: «تا ســەدەی بیســتەم ژنان نەیانتوانیوە بخوێنن و بێنە پێشەوە لە بواری نوســین، کە هاتوشن دەرفەتیان پێنەدراوە لە بواری ئەدەبیات دا خۆیان بسەلمێنن».
هەروەها رەخنە لەو تێڕوانینەش دەگرێت کەلــە ئەدەبــی میلليــی و فۆلکلۆریی کوردیــی دا هەیە بــۆ ژن «لەئەدەبی میللی و فۆلکلۆر دا زۆر غەدر لە ئافرەت کــراوەو وەکو کاڵا و جوانکاریی (زینە) و بۆ پڕکردنەوەی خواست و حەزەکانی پیاوان سەیر کراوە».
لەگەڵ ئەوەشــدا ئاماژە بەوەدەکات لە ئەدەبی باڵا دا کەمەبەســتی سەردەمی شــاعیرانی وەکــو نالــی و مەحــوی و مەولــەوی و هاوقۆناغەکانیانــە «بەشــێوەیەکی تایبەت و باڵا مامەڵە لەگەڵ ژن دا کــراوە و وەکو مرۆڤێکی پیرۆز سەیر کراوە».
ئــاواز نەجــم، ئەوەشــدەخاتەرو کە سەرباریی تەنگیی بوارەکە بۆ رۆڵپێدانی ژنان، بەڵام ژنانێک هەبون کە نوســین و بەرهەمی ئەدەبیان هەبوە، لەنمونەی (مەستورەی ئەردەڵانی)، بەڵام وەکخۆی دەڵێــت: «بونی یــەک دو دەنگی ژن مانای وایە دابونەریتــە کۆمەڵایەتیەکە نەیهێشتوە ژنان بێنە پێشەوە، حاڵەتی مەستورەش تایبەت بوە چونکە ئەو لە خێزانێکی دەرەبەگی میرایەتی بوە».
لەدوای ئەو قۆناغــەی کەلە ئەدەبیاتی کوردیی دا بە «قۆناغی شیعری نوێ» ناودێر دەکرێت، ژمارەیەک ژنی نوسەر و شاعیر دەرکەوتون، ئەم دەرکەوتنانە

ئافرەتی کورد بەهۆی کۆتوبەندەوە نەیتوانیوە قۆناغێک بۆ خۆی دروست بکات

چۆنــن و تاچەند ژنانی نوســەری ئەم قۆناغە توانیویانە داهێنان بکەن؟
ئاواز نەجم، پێیوایە ســەرباری ئەوەی شــاعیرانی ژن لەم سەردەمەشدا وەکو ژمــارە زۆر نیــن، هــاوکات ناوەڕۆکی ئەدەبەکەشــیان بــە هەســتی پیاوانە نوسراوەتەوە.
دەڵێت: «لە ســەردەمی شیعری نوێ دەنگی ئافرەتانمان زۆر کەمەو ئەوەشی هەبوە تەنها لاســایکردنەوەی شاعیرە پیــاوەکان بــوەو بە هەســتی پیاوانە نوسراوەتەوە، چونکە ئەگەر خەیاڵیش بکەن ئەوا ئازاد نەبون کە خەیاڵەکەیان بخەنــە رو و نەیانتوانیوە بــە ئازادانە تەعبیر لە خەیاڵی خۆیان بکەن».
ئــەو باسلەوەشــدەکات کــە ژنانــی نوســەری کورد، نەیانتوانیوە سەردەم و قۆناغێکی تایبەت بەخۆیان دروســت بکەن هاوشــێوەی نمونەی چەند وڵات و کۆمەڵگایەکی دراوســێی کوردستان «ئافرەتی کورد بەهــۆی کۆتوبەندەوە نەیتوانیوە قۆناغێک بۆخۆی دروســت بکات، (مەستورە) لەسەردەمی شیعری کلاســیک نەیتوانی قۆناغێک دروســت بــکات وەک ئەوەی بۆنمونــە لە ئێران دا هەیە کە ســەردەمی شیعری (فروغ فروغــزاد) بە قۆناغێکی تایبەت هەژمار دەکرێت».
کەواتــا چۆن دەتوانرێــت پەرە بە ئەو جــۆرە لــە ئــەدەب بدرێت کــە ژنان دەینوســن؟ چی بکرێت بۆ ئەوەی ژنان بتوانن ئەفراندن لەو بوارەدا بکەن؟
ئاواز نەجم، پێیوایە چارەسەری ئەمە بە تەنیا بە ژن ناکرێت، بەڵکو وایدەبینێت کارێکی هاوبەشــی نێوان ژن و پیاوە.
دەڵێت: «پیاو پێویســتە هاوکار بێت، بۆ ئەوەی پارســەنگی رۆڵ و بەشداریی ژن لەم کایەیە و کۆمەڵگا بەگشــتیی، یەکسان بکرێتەوە».



نەوال سەعداوی...نوسەری کتێبە قەدەغەکان



▪ نەوژین، پەرژین کامەران

رۆماننوسی یاخی و دیاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (نەوال سەعداوی)، ژنێکی جیاواز لە رێگەی قەڵەمەکەیەوە چاو نەترس و بێباکانە شۆڕشی دژی عەقڵیەتی دواکەوتویی و نێرسالاریی بەرپا کرد. جەنگاوەر ئاسا هەمو تەمەنی خۆی تەرخانکرد بۆخزمەتی یەکسانی و دۆزی ژنان.

نەوال ســەعداوی، لە ٢٧ی تشــرینی یەکەمــی ١٩٣٠ لە ناوچەی عەباســیە لەقاهیرەی پایتەختی میسر لەدایکبوە. لەکانونی دوەمی ١٩٥٤ بەکالۆریۆســی لەپزیشــکی نەشــتەرگەری لەزانکۆی قاهیــرە بەدەســتهێناوە، لــە بواری نەخۆشــیەکانی ســنگدا پســپۆری وەرگرتــوە. لــە ســاڵی ١٩٦٥ وەکو پزیشــک بە پلەی باڵا لە نەخۆشخانەی (قەســرلعەین)دا کاری کردوە، هەمان ساڵ هاوسەرگیریی لەگەڵ (د.شەریف حەتات) کردوە کە پێشەوای رێکخراوی کۆمۆنیستیی مارکســی بوە لە میسر، خاوەنی کوڕو کچێکە.
نەوال، رۆماننوس و پزیشکی دەرونیە، لە هــەردو بواری ئەدەبی و زانســتیدا زیاتر لە ٤٧ کتێبی نوسیوە و بۆ زیاتر لە ٣٥ زمان وەرگێــڕدراون. کتێبەکانی زیاتر گرێــدراوی ئازادی (مرۆڤ، ژن و نیشتمان)ە.
ئەم ژنە نوسەرە، بە هۆی نوسینەکانیەوە روبەڕوی زیندانیکردن و دورخستنەوە لە وڵات بوەتەوە، ئەمە ســەرباری رێگرتن لــە بڵاوکردنــەوەی چاپکراوەکانــی، بەشێوەیەک لە میسرو وڵاتانی عەرەبیدا خوێندنــەوەی هەندێــک لە نوســین و بەرهەمەکانی یاساغ و رێگە پێنەدراوە.
وەکــو هەمو داهێنەرێکــی تری وڵاتان و کۆمەڵگا دواکەوتــوەکان، ئەگەرچی لە وڵاتەکــەی خۆیــدا نوســینەکانی سانســۆرکراوە، بەڵام لەوڵاتانی دەرەوە چەندین خەڵاتی ئەدەبی و نیشتمانی و نێودەوڵەتیی پێبەخشراوە.
بەهــۆی بیر و باوەڕو نوســینەکانیەوە لەلایــەن ئیســلامیە توندڕەوەکانەوە، روبەڕوی هەڕەشــەلێکردنی بە کوشتن بوەتــەوە. هەروەهــا هەوڵــدراوە لەمێردەکەی جیابکرێتــەوە بەتۆمەتی هەڵگەڕانەوەی لە ئیسلام.
هەڕەشەو ئاستەنگەکانی بەردەم نەوال سەعداوی، زۆر و فرەچەشنن، لە ساڵی ١٩٧٢ لەوەزارەتی تەندروســتی لەسەر پیشــەکەی لابرا، بەهۆی بڵاوکردنەوەی کتێبــی (ســێکس و ژن). گۆڤارێکی تەندروســتی دامەزراند بۆ ماوەی سێ ســاڵ خۆی سەرنوسەری بو، لە ساڵی ١٩٧٣ داخرا. کتێبی (یاداشــتەکانم لە بەندیخانەی ژنان) دا نوسی، پاش ئەوەی لەساڵی ١٩٨١ دەخرێتە زیندانەوە، ئەو کتێبەی لە زینداندا لەســەر کلێنســی تەوالێــت بــە قەڵەمی چاو نوســیوەو رەوانــەی دەرەوەی کردوە. لەســاڵی ٢٠٠٨ داوای لێسەندنەوەی رەگەزنامەی میسری لەسەر تۆمارکرا.
نەوال، سەرەڕای هەمو ئەو ئاستەنگانەی خراوەتــە بەردەمی، بەڵام نەترســاوەو بەردەوام بوە لەو رێگایەی گرتویەتیەبەر.
لەرێگــەی قەڵــەم و کاغــەزەوە لەکۆمەڵگاکەیــدا شۆڕشــێکی فیکری بەرپاکــرد دژ بە بیری دواکەوتوخوازیی و نایەکســانی و چەوساندنەوەی مرۆڤ و ژنان بەتایبەتــی، هەمو ئەمانەش لە رەوتی خەباتی ئازادیخــوازان دا رۆڵی بەرچــاو و دیاریی هەبــوەو کاریگەری زۆری لەسەر خوێنەران دروستکردوە.
نوسەر، لەناو واقیعی کۆمەڵگای تەقلیدی میسر دا ژیاوەو باش لە کێشەکانی ژن گەیشــتوە، لەبواری کارەکــەی خۆیدا خزمەتی زۆری بەژنان کردوە بەو پەڕی بوێرییەوە راوبۆچونەکانی لەگشت بوارە جیاوازەکانی ژیانداخستۆتەڕو. تاکە ژنە لە ٥٠ ساڵی رابردودا دەربارەی سێکس و خەتەنەکردنی کچان و دابونەریتی کۆنی نــاو کۆمەڵگا دواوە، کــە هەمو ئەمانە بــەرای ئەو هۆکارن بۆ ســتەمکردن لە ژن و بەکــەم تەماشــاکردن و بێ توانا سەیر کردنی.

نوسینی راستەقینە جۆرێکە لە مردنی راستەقینە

بۆچــی دەنوســێت؟ لەوەڵامــی ئەم پرسیارەدا، نەوال سەعداوی لە بەشێکی وتارێکــی دا دەڵێــت: «نوســەرەکان بــە ئازارەکانی خۆیــان خەڵک بە ئاگا دەهێننەوە و لەگەڵ پرسیارەکانی ژیان و مردنــدا روبەڕویــان دەکەنەوە، بەم مانایە نوســینی راستەقینە جۆرێکە لە مردنی راستەقینە».
نەوال سەعداوی، رەخنە لەخودی ژنان دەگرێت کە هەندێکجــار خۆیان هۆکار و رێگــە خۆشــکەرن بۆ ئــەو زوڵمەی بەرامبەریان دەکرێت، هەروەها باســی ئــەو زوڵمــە گەورەیــە دەکات کە لە منداڵی ناشــەرعی دەکرێــت بێ ئەوەی تاوانێکی هەبێت دەســتەواژەی (زۆڵ) ی بەســەردا دەســەپێنرێت. هەروەها خەتەنــەی مێینــەی قەدەغەکــرد لە رێگەی یاسایەکەوە کە ٥٠ ساڵ خەباتی بۆ دەکرد.
ســەعداوی، لــە ســاڵی ٢٠١٤ دا بەمەبەســتی بینینی ژنە شەڕڤانەکانی کــورد و ئاگاداربون لــە دۆخی ژنانی کورد، ســەردانی هەرێمی کوردستانی کرد. لەوەســفی ئامانجی سەردانەکەیدا دەڵێت: «دەمەوێت چاوم بکەوێت بەژنە شەڕڤانەکان و بزانم چۆن لە شاخ دەژین و ئــەو رۆح و ئازایەتیــە چییە کەوای لێکردون شــەڕبکەن؟ کاتێک ژن شەڕ دەکات، واتای ئەوەیە تەنها جەستەیەک نیە بەڵکو مرۆڤە مرۆڤ».

لە منالّەوە بۆ منالّ.. دەستگیرۆیی ئاوارەکانی خورماتو



■ نەوژین، لەیلا ئەحمەد*

ئەحمەد کەریم، پاش ئاوارەبونیان لە دوزخورماتو و گیرسانەوەیان لە قەزای کەلار، بە نابەدڵیی خۆی و زۆری ماڵەوە بۆ ئەوەی دەست بەخوێندن بکات دەنێردرێتە قوتابخانەیەک، بەڵام پاش چەند رۆژێک وەها هۆگری قوتابخانەو قوتابییەکانی هاورێی دەبێت، کە ئێستا نایەوێت قوتابخانەکە بەجێبهێڵێت.


پاش ئاوارەبونی سەدان خێزانی کوردی دوزخورماتو، هەندێک لە منالّەکانی ئەو خێزانانە لە قوتابخانەکانی سنوری گەرمیان دەستیان بەخوێندن کردوە، ئەوەی مایەی تێبینییە لەم روەوە، ئەو هاوکاریی و یارمەتیدانەیە کە منالّانی دیکە لە قوتابخانەدا پێشکەش بەو منالّە ئاوارانەیان کردوە.

محەمەد ئاسۆ، ١٠ سالّ، باس لەو رۆژە دەکات کە (ئەحمەد) بۆ یەکەمجار لەلایەن مامۆستاوە هێنرایە پۆلەکەیانەوە.

وتی: «خەریکی وانە خوێندن بوین مامۆستایەکی خوێندنگەکەمان کورێکی هێنایە ژورەوەو وتی ئەمە (ئەحمەد)ەو براتانەو لەگەڵی یاری بکەن و رێزی بگرن، کاتێک زەنگ لێیدا هەمومان چوینە دەرەوەو یاریمان کرد لە گۆرەپانەکە بینیمان (ئەحمەد) لەسوچی دیوارەکە دەگرێت، چومە لای و پرسیم: بۆ دەگریت؟ فرمێسکەکەی سری و وتی: ئاوارەی دوزم و کەس ناناسم و حەزم لەم قوتابخانەیە نییە».

ئاماژەی بەوەکرد «پێیم وت تۆ برای ئێمەیت دەستم خستە سەر ملی و هاورێکانم بانگ کردو داوای یارمەتیم لێیان کرد بەخۆم و دو هاورێی ترم ٤ هەزارمان کۆکردەوەو (ئەحمەد)مان بردە فرۆشگای قوتابخانەکەو پسکێت و شەربەت و ئاو و چپسمان بۆ کری و تاکاتی تەواو بونی قوتابخانە لەگەڵی بوین».

ئەم منالّانە، هەر بەو هاوکاریەی ئەو رۆژە نەوەستاون، بەڵکو لەگەڵ قوتابییەکانی تردا هەستاون بە کۆکردنەوەی پێداویستی قوتابخانە بۆ ئەحمەد و خوشکەکەی. وتی: «من پاکەتە دەفتەر و قەڵەم و خەتکوژێنەو بۆیە و جانتام بۆی هێنا، هاورێکانی ترم پاکەتە قەڵەم و خەتکوژێنەو بۆیەو دەفتەری وێنەو قەمسەڵە و جلی قوتابخانەو جلوبەرگی ماڵ و یاری منالّان و تۆپ و جانتای دیکەیان بۆی هێنا».



وتیشی: «ئێستا ئەحمەدو خۆشکەکەی دڵخۆشن و هاورێی ئێمەن».

ئەم هاوکاریی و کۆمەکەی محەمەد و هاورێکانی، لەلای ئەحمەد و خوشکەکەی وەها کاریگەریی داناوە، کە نایەوێت ئەو قوتابخانەیە جێبهێڵێت.

وتی: «سەرەتا هاتینە قەزای کەلار پێم ناخۆشبو ئاوارە بوین، زیاتر قوتابخانەکەم لەبەر چاو کەوتبو، زۆر گریام، بەڵام لەو کاتەوە محەمەد و هاورێکانی ترم ناسیوە زۆر دڵمخۆشەو خۆشیانم ئەوێت».

وتیشی: «هاورێکانم یارمەتیاندام هەمو پێداویستیەکی قوتابخانەیان بۆ خۆم و خوشکەکەم کۆکردەوەو یاریمان لەگەڵ دەکەن، بەدایک و باوکمان وت ئێمە ئیتر لێرە قوتابخانە تەواو دەکەین، چونکە هاورێکانمان باشن و مامۆستاکان رێزمان دەگرن».

چیرۆکی هاوکاریکردنی منالّانی قوتابیی لەگەرمیان بۆ منالّانی ئاوارەی دوزخورماتو، هەر لەوەی ئەحمەد دا قەتیس نەماوە، بەڵکو زۆر و بەرفراوانن.

رێبین مستەفا، ١١ سالّ، چیرۆکێکی تری لەوبارەیەوە بۆ (نەوژین) گێرایەوە «ماوەیەک پێش ئێستا چەند قوتابیەک هاتنە قوتابخانەکەمان زۆر بێتاقەت و دڵتەنگ دیار بون تێکەڵی ئێمەیان نەدەکرد و کەسیان نەدەناسی، منیش چومەلایان قسەم لەگەڵیان کرد و هەوڵم دەدا بیان هێنمە پێکەنین و خۆشحاڵیان بکەم».

وتیشی: «دواتر بونە هاورێمان و ئێمەش بە جانتا و جلوبەرگ و دەفتەر و قەمسەڵە یارمەتیمان دان، چونکە ئەوان هیچیان نەبو و دەیانوت دراوسێکان یارمەتیان داوین و پێداویستی ناوماڵیان بۆ هێناوین».

بەپێی ئامارێکی پەروەردەی گەرمیان، لەدوای روداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ەوە، زیاتر لە ٥ هەزار خوێندکار و قوتابی ئاوارەی دوزخورماتو، لەگەرمیان دەستیان بەخوێندن کردوە.

جگە لەمنالّانی گەرمیان، مامۆستایانی قوتابخانەکانی سنورەکەش باوەشی یارمەتی و سۆزیان بۆ منالّە خوێندکارەکانی دوزخورماتو کردوەتەوە کە ئاوارەی ناوچەکە بون.

م.محەمود سامح، ٣٧ سالّ، بۆ (نەوژین) وتی: «نزیکەی ٥٠ خوێندکار لەهەردو رەگەز کەبەهۆی شەرەکەی دوزەوە ئاوارەی قەزای کەلار بون، لەلامان دەستیان بەخوێندن کردوە، بەڵام ئەم قوتابیانە پێویستیان بەیارمەتی مادی و مەعنەویە، چونکە ئەو بارودۆخە سەختەیان بینیوەو هاوکاتیش خێزانەکانیان بەهۆی هەڵهاتنیانەوە هیچ شتێکی ئەوتۆیان لەگەڵ خۆیان نەهێناوە».

وتیشی: «ئەوەی مایەی خۆشحاڵیە کە بەشێک لە منالّەکان هاوکاریی منالّانی تریان کردوە کە ئاوارەن، هەروەک لە کاتی پشو و یاریەکاندا هاورێیەتییان دەکەن و گرنگیی تایبەتیان پێدەدەن».

* ئەندامی تیمی رێکخراوی (وادی) ئەڵمانی لەگەرمیان

6 پرسیار لەبارەی شەرەنگێزی لای منالّ

■ نەوژین
نوسینی: جواد مەحمود قرانی

شەرەنگێزی رەفتاری هێرشکردنە، جۆرێکە لە کاری توندرەوی بەرانبەر بە کەسانی تر کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن پێی.

لەم بابەتەدا وەڵامی چەند پرسیارێک لەبارەی ئەم چەمکەو کاریگەرییەکانی دەدەینەوە.

١. جۆرەکانی شەرەنگێزی لای منالّ چیین؟

دو جۆر شەرەنگێزی هەیە: ئاشکرا و نهێنی.

مەبەست لە شەرەنگێزی ئاشکرا، لایەنی فزیکی و جەستەییە، وەکو (لێدان، پاڵنان، شەقوەشاندن، فرێدانی کەرەستەکان یان شتومەک و...هتد). ئەنجامدانی ئەم کارانە بێزارکەرن وئازاردەرن بۆ کەسی بەرانبەر.

هەرچی شەرەنگێزی شاراوە (نهێنی)یە، بریتییە لە تورەیی و خۆخواردنەوەی منالّ، ئەم جۆرەیان زیاتر لە کچان دەبینرێت بەپێچەوانەوەی شەرەنگێزی جەستەیی کە زۆرتر لای کوران بەرجەستە دەبێت.

٢. هۆکاری دروست بونی شەرەنگێزی لای منالّ چیە؟

توندوتیژیی دیاردەیەکی ئاڵۆزە، کە تیایدا تاییبەتمەندی بۆماوەیی، هۆکاری ژینگەیی، هۆرمۆنیی، هێزە دەرونیەکان و دابونەریت و لایەنە کۆمەڵایەتیەکەش پەیوەندیان پێکەوە هەیەو پێکەوە کار دەکەن.

٣. رۆڵی خێزان لە شەرەنگێزی منالّان دا چییە؟

خێزان دەتوانێت لە چەند لایەکی جیاوازەوە ببێتە هۆی دروستبون و زیادکردنی شەرەنگێزی، کە گرنگترین هۆکاری بریتیە لە شێوازی پەروەردەی نەگونجاو لە خێزاندا (دایک و باوک).

هەندێک شێواز لە پەروەردەکردنی منالّ وەک هاندان بەکاردێت، ئەویش بە سود وەرگرتنی ناتەندروست لە تەمبێ و دەستخۆشی کە دەبێتە هۆی گەشەسەندنی تورەیی وشەرەنگێزی لە منالّدا.

٤. هۆکاری گەشەسەندنی شەرەنگێزی لە منالّدا چیە؟

ا. پیشاندانی رەفتارە شەرانگێزەکان لەلایەن یەکێک لە ئەندامانی خێزانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی منالّ ئەو رەفتارانە بکاتە سەر مەشقی خۆی.

ب. هاندانی رەفتارە شەرانگێزییەکان (ئازاری جەستەیی و سێکسی).

ت. توندوتیژی لە راگەیاندنەکان.

٥. هۆکاری دروستبونی شەرەنگێزیی منالّ لە قوتابخانە دا چیین؟

ا. کاتێک خوێندکار لەلایەن خوێندکارانی هاورێییەوە گاڵتەی پێدەکرێت.

ب. کاتێک خوێندکار لە لایەن هاورێکانییەوە لێی دەدرێت و توانای بەرگری کردنی لە خۆی نییە.

ت. کاتێک خوێندکار بەردەوام شتومەکەکانی خۆی ون دەکات.

پ. کاتێک خوێندکار بە هۆی روخسارییەوە گاڵتەی پێدەکرێت.

ج. شەرمنی و بێدەنگیی بەردەوام لە پۆلدا و دابەزینی ئاستی خوێندنی.



٦. لەگەڵ منالّی شەرەنگێز چۆن رەفتار بکەین؟

ا. سەبارەت بە منالّی شەرەنگێز دەبێت کار لە سەرمەشقەکەی بکرێت یاخود رێگای دیکە جگە لە سەرمەشقەکەی فێربکرێت، ئەو کاتانەی کە هۆکاری شەرانگێزی دڵەراوکێە دەبێت ئاگاداری ببینەوە لە دڵەراوکێی منالّەکە.

ب. لە هەندێک کاتدا منالّی شەرانگێز توشی حالّەتی خەمۆکی دەبێتەوە کە پەیوەندی لە گەڵ کەسانی دیکە دەپچرێت، لەم کاتەدا پێویستی بە دەرمانی پزیشکی پسپۆری هەیە بۆ ئەوی منالّەکەی لە نزیکەوە چارەسەر وەربگرێت.

ت. کاتێک کەمنالّ لە قوتابخانە روبەروی توندوتیژی دەبێتەوە، پێویستە لەگەڵ بەرپرسانی قوتابخانەکە قسە بکەین، پێویستیشە مامۆستاکان بە پێی یاساو رێسای تاییەت روبەروی منالّە توندوتیژەکە ببنەوە، ئەو منالّانەی کە توندوتیژییان بەرانبەر کراوە لەسەر بنەمای رەفتارە باشەکانیان دەست خۆشیان لێبکرێت و پاڵپشتی بکرێن.

پ. ئەگەر هاتو جۆری شەرانگێزی منالّەکە دوژمنانانە بو، دەبێت منالّەکە لە ئازار و ئەزێتدان بە دوربگرین تاوەکو ناچار نەبێت بۆ تۆڵەکردنەوە کەسانی تر ئەزێت بدات، ئەگەر شەرانگێزییەکەی لە ئەنجامی هۆکارێکەوە بو، دەبێت رێگەیەکی دیکە بۆ تێگەیشتنی منالّەکە هەڵبژێرین بۆ ئەوەی ناچار نەبێت سود لە توندوتیژی وەربگرێت بۆ سەرنجراکێشان.

وەرگێرانی: خەڵات سالّح قادر

مافی دایەنیکردنی منداڵ لە پاش جیابونەوەی ژن و مێرد



▪ مافناس: دڵپاک محەمەد جەلال

جیابونەوە یاخود «تەڵاق» یەکێکە لە حاڵەتە کۆمەڵایەتیی و خێزانی و یاساییەکان، کە زۆرترین قسەو باسی لەبارەوە دەکرێت لەهەریەکە لەو بوارانە، ئەگەرچی لە شەریعەتی ئیسلامیی دا کە هەوێنی یاسا کارپێکراوەکانی بواری باری کەسێتییە لە عێراق و کوردستان، وەکو «بێزراوترین حەڵاڵکراوەکان» هەژمار کراوە.

بەگوێرەی یاساو بە پێی شەریعەتی ئیسلامی، لەدوای جیابونەوەی ژن و مێرد کومەڵێک ئەرک دەکەوێتە سەرشانی پیاوان بەرامبەر بە ژنان، بۆیە ئەگەر پیاو خۆی لەو ئەرکانە لابدات ئەوکاتە دادگا بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێدراوە ئەرکەکانیان پێ جێبەجێ دەکات، یەکێک لەو مافانەش کە بۆ ئافرەتی تەڵاقدراو چەسپاوە بەپێی یاسا، مافی دایەنەکردنی (حضانە) منداڵە بە ئافرەتی تەڵاقدراو.

کاتێک ژن و مێرد لە ژێر سێبەری یەک خانودا دەژین، پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر هەردو لایە، بەڵام ژن کە جیابووەوە لە مێردەکەی، ئەگەر خاوەن منداڵ بو و توانای بەخێوکردنی منداڵەکانی هەبو، لەپێشترین و باشترین کەسە بو دایەنەکردنی منداڵەکانی، بەڵام چەند خاڵێک هەیە کە پەیوەندیدارە بەم پرسەوە، هەوڵدەدەین لەمیانی ئەم بابەتەوە سەرەنجی لەبارەوە بوروژێنین.

١. ئایا هیچ مەرجێک هەیە تاوەکو ئافرەتەکە شایستەی دایەنەکردنی منداڵەکانی بێت؟

بەپێی مادەی ٥٧، برگەی یەک و دو لە یاسای باری کەسێتی، لەو کاتەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجام دەدرێت لەنێوان ژن و مێرد و دخول لەنێوانیان رو دەدات، ژنەکە شایستە ئەبێت بە دایەنەکردنی منداڵەکانی، بەڵام بە چەند مەرجێک. لەوانە:

١. پێویستە دایکەکە عاقڵ بێت.
٢. پێویستە دایکەکە توانای بەخێوکردنی منداڵەکانی هەبێت.
٣. پێویستە خاوەن رەوشتێکی بەرز بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەلمێنرا کە ئافرەتەکە «بەدڕەوشتە» لەم حاڵەتە مافی دایەنە کردنی نامێنێت.

٢. مافی ئافرەتەکە چییە لە بەرامبەر بەخێوکردنی منداڵەکانی؟

بە پێی مادەی ٥٧ لەیاسای باری کەسێتی، ئافرەتی تەڵاقدراو کە هەڵدەستێت بە دایەنەکردنی منداڵەکانی، مافی وەرگرتنی (کرێی) دەبێت لەو پیاوەی کە تەڵاقی داوە، ئەم مافەش مافێکی جێگیرە، واتە ئەگەر رێکەوتنێکی پێشوەختە کرابێت لەنێوان ژن و مێردەکە، هیچ ئاسەوارێکی لەسەر ئەم کرێیە نابێت لەبەر ئەوەی بژێوی منداڵ لەسەر باوکە، ئیتر ئەو منداڵە ئەگەر کچ بێت هەتا شو ئەکات و ئەگەر نێرینەش بێت تا دەگاتە ئەو رادەیەی کە کاسبی دەکات و دەبێتە سەرچاوەی داهات.

ئەم کرێیەش وەک لە برگە ٣ ی مادەی ٥٧ لەیاسای باری کەسێتی دا هاتوە، بەرێکەوتن دەکرێت لەنێوان ئافرەتەکە و ئەو کەسەی بژێوی منداڵەکانی ئەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام ئەگەر لەسەر دیاریکردنی کرێکە ناکۆک بون، لەم حاڵەتە دا دادگا کرێکە دیاریی دەکات، زۆرجار دادگا بە پێی باری دارایی و بژێوی پیاوەکە ئەم کرێیە دەخەملێنێت.

٣. لەچی کاتێک دا ئافرەتەکە مافی دایەنیی لەدەست دەدات؟

بەپێی برگەی ٧ لە مادە ٥٧ی هەمان یاسا، ئافرەتەکە مافی دایەنیی لەدەست دەدات بەیەکێک لەم حاڵەتانە:

١. لە حاڵەتی لەدەستدانی یەکێک لە مەرجەکانی دایەنێتی وەک لەسەرەوە خستمانە رو.
٢. لەحاڵەتی مردن.
٣. ئەگەر ئافرەتەکە لە ئاینی ئیسلام هەڵگەڕێتەوە لەکاتێک دا پێشتوتر موسوڵمان بوبێت.

لەم حاڵەتانە دایەنییەکە دەکەوێتە سەر باوک، بەمەرجێک بەرژەوەندی منداڵەکە لەگەڵ باوکەکەی بێت، چونکە ئەگەر ئەم کارە بەرژەوەندی منداڵەکەی تێدا نەبێت، دادگا کەسێک هەڵدەبژێرێت بۆ دایەنەکردنی منداڵەکە.

٤. ئایا ئافرەتی تەڵاقدراو بە دوبارە هاوسەرگیریی کردنەوەی مافی دایەنێتیی لەدەست دەدات؟

لێرەدا دەبێت جیاوازی لەنێوان ٢ حاڵەت دا بکەین: ئایا ئەو پیاوەی کە ئافرەتەکەی تەڵاق داوە لە ژیان دا ماوە یاخود مردوە؟ ئەگەر پیاوەکە لەژیان دا مابێت و ئافرەتەکە بیەوێت شو بکاتەوە، لێرەدا دادگا بڕیار دەدات بەمانەوەی منداڵەکە لای باوکی یاخود لای دایکی، واتا ئەم مافە بۆ کامیان جێگیر ئەبێت ئەکەوێتە سەر بڕیاری دادگا، ئەمەش لەپێناو بەرژەوەندی منداڵەکە.

بەڵام ئەگەر پیاوەکە مردبو، لەم حاڵەتە دا بە پێی برگەی (ب لە مادەی ٥٧)ی یاسای باری کەسێتی، منداڵەکە هەر لای دایکەکە دەمێنێتەوە بەچەند مەرجێک، لەوانە:

١. دایکەکە هەمو مەرجەکانی دایەنێتی وەک لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا هاتوە، پاراستبێت.
٢. دادگا قەناعەت بێنێت بەوەی منداڵەکە بەمانەوەی لای دایکەکە توشی زیان نابێت.
٣. پێویستە ئەو پیاوەی ئافرەتەکە شوی پێدەکات لەکاتی گرێبەستی هاوسەرگیریەکە بەڵێن بدات کە چاودێری منداڵەکە دەکات و هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنێت، لەهەرکاتێک دا ئەم پیاوە لەبەڵێنەکەی خۆی لایدا، ئەوە دەبێتە هۆکارێک کە ژنەکە داوای جیابونەوەی لێ بکات بەپێی برگەی (ج لەمادەی ٥٧).

کەواتە منداڵ هەر لای دایکە دەمێنێتەوە هەتا تەمەنی ١٥ ساڵ، بەو مەرجەی مەرجەکانی دایەنێتی تیدابێت، دوای ئەو تەمەنەش، بەپێی برگەی ٥ مادەی ٥٧، منداڵ سەر پشک دەکرێت بۆ مانەوەی لای دایکی یاخود باوکی، بەڵام لەم حاڵەتەش دا پێویستە دادگا قەناعەت بکات لە دروستی ئەو جێگەیەی کە منداڵەکە هەڵیبژاردوە سەرەڕای ئەمەش دوای تەواوبونی ماوەی دایەنییەکە، ئەگەر بە حوکمی دادگاش ماوەکە کۆتایی هاتبێت، ئافرەتەکە بۆی هەیە داوای وەرگرتنەوەی منداڵەکەی لەو کەسە بکات کە حوکمی وەرگرتنەوەی منداڵەکەی بۆ دەرچوە، ئەمەش بەمەرجێک ئافرەتەکە بۆ دادگای بسەلمێنێت لەو ماوەی کە لەلای بوە، هیچ زیانێکی بەر نەکەوتوە.

> یەکێک لەو مافانەی بۆ ئافرەتی تەڵاقدراو چەسپاوە، دایەنەکردنی منداڵە



ژنان و بواری سەربازیی



▪ ئاسیا حسێن

لەگەڵ ئەوەی بواری سەربازیی و جەنگ و چەکهەڵگرتن، هەمیشە بە ئەرکی پیاوان زانراوە، بەڵام سەدان ساڵە ژنان لەو بوارەدا بەشداری دەکەن و خاوەن پلە و پایەی جیاوازی بوارەکەن.

لە جەنگە ناوخۆییەکانی ئەمریکادا، ژنان شانبەشانی پیاوان دەهاتنە ریزەکانی پێشەوەی جەنگ، بەڵام زۆرجار وەکو پزیشک و پەرستار خزمەتیان دەکرد وەک لە هەڵگرتنی چەک.

لە مێژوی کۆندا، ژنان لە جەنگە نێوخۆییەکاندا بەشدار دەبون. بەپێی پێشکەوتنەکان، ژنان لە جەنگە نەتەوەیی و جیهانیەکانیشدا بەشدار دەبن و خاوەن پلەی سەربازی بەرزن. لەگەڵ ئەوەشدا، وڵاتەکان لەسەر پلە سەربازییەکانی ژنان لە گفتوگۆی بەردەوامدان و وڵاتانی جیهانی سێیەم تەنها چەند پلەیەکی نزمی سەربازی دەدەن بە ژنان و لە سوپادا وەرناگیرێن.

لە دوای دەیەی حەوتەمی سەدەی بیستەوە، زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا دانیان ناوە بە پێدانی پلە و پایەی سەربازی جۆراوجۆر بە ژنان، بەڵام تەنها لە ٩ وڵاتدا، ژنان بۆیان هەیە لە هەمو بوارێکی سەربازیدا وەربگیرێن.

لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، هەزاران ژن لە وڵاتە جیاوازەکان لە مەیدانەکانی جەنگ خزمەتیان دەکرد و لە زۆربەی وڵاتاندا ئەرکی پزیشکیان پێ دەسپێردرا. تاکە وڵات کە لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، سوپای ژنی دامەزراوی هەبو و بەشداری پێکرد لە جەنگەکەدا، روسیا بو. سوپای ژنان لە روسیا سەرەتا لە ژمارەیەکی دیاریکراو لە ژن پێکدەهات کە مەشق و ئامادەباشی تەواویان پێ دەکرا بۆ مەیدانی جەنگ. ئەمەش بو بە بنەمای دامەزراندنی سوپایەکی بەرفراوانی ژن لە وڵاتەکەدا بەناوی (پاسەوانی سور، پاسەوانی سپی) کە یەکپۆش و مەشقپێکراو بون و ژمارەیان دوهەزار سەربازی ژن بو.

لە ساڵی ١٩٩٣ دوابەدوای پێشکەوتنە سیاسیە جیهانیەکان، ٦٧ لە پلە سەربازیەکان بەڕوی ژناندا کرایەوە و لەئێستادا ٧٨ پلەی سەربازی بۆ ژنان کراوەیە. کە ئەمەش دەکاتە ٩٥٪ی هەمو ئەرکە سەربازیەکان.

دوای ئەوەی ئەرکە سەربازیەکان بۆ ژنان دەستەبەر بون و ژمارەیەکی زۆر لە ژنان رویان کردە بواری سەربازی، لێکۆڵینەوە لەو بوارە دەستی پێکرد و ئەو لێکۆڵینەوانە ئاماژە بە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی باسەکە دەکەن.

ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشداری کردنی ژنان لە بواری سەربازیدا، لایەنی نەرێنی زیاترە و بۆ پشتڕاسکردنەوەی ئەم بۆچونە ئاماژە بەوە دەکەن کە رێژەی کوژران و برینداربونی سەربازی ژن لە جەنگەکاندا، دو هێندەی سەربازی پیاوە و ژمارەیەکی ژنان توشی دڵەڕاوکێ و دودڵی دەبن ئەوکاتانەی ریزەکانی پێشەوەی جەنگ دەبینن. هەروەها لێکۆڵینەوەکان دژی سوپای تێکەڵی هەردو رەگەزن و پێیان وایە دەبێتە هۆی بارگرژی دەرونی و رەگەزی و ئەمەش توانای بەرگری لە سەربازەکاندا کەم دەکاتەوە.

ئەو ژنانەی لە بواری سەربازیدا دەخوێنن یان کار دەکەن، بەردەوام ئامۆژگاری دەکرێن بەوەی بەرپرسیارێتی خۆیانە کە خۆیان بپارێزن لە رفاندن و دەستدرێژی سێکسی لە ماوەی جەنگەکاندا و بەتایبەت ئەوکاتانەی مەیدانی جەنگ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دوژمنەوە. چونکە ژنانی بواری سەربازی، دو هێندەی ژنانی بوارەکانی تر مەترسی رفاندن و دەستدرێژی لەسەریان هەیە. دەکرێت مەبەستەکەش سیاسی یان داگیرکاری و بەکارهێنانی جەستەیان بێت.

لەگەڵ ئەمەشدا، لێکۆڵینەوە ئەکادیمیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشداری کردنی ژنان لە بواری سەربازیدا پێوەندی بە کەسایەتی و بوێری خودی ژنەوە هەیە.

دەڵێن: هەر ژنێک بواری سەربازیێ هەڵبژێرێت، دەبێت ئەو راستیەی بیر بێت کە ئەگەری پێکهێنانی خێزان و دایکایەتی کەمتر دەبێتەوە. هەروەها دەبێت بوێریی بۆ روبەڕو بونەوەی لە مەیدانی جەنگ دا هەبێت و لەسەرو ئەمانەشەوە دەبێت شارەزایی و توانای هەبێت لە بەکارهێنانی چەک و تەکتیکی جەنگدا. ئەو لێکۆڵینەوانە نایشارنەوە کە «ئەو ژنانەی بواری سەربازییان هەڵبژاردوە، بوێرن».

بۆ چارەسەری سوتاویی، بە دەرمانی کوردەواریی کێبڕکێی پزیشکان دەکەن



■ نەوژین، زریان محەمەد

دروستکردن و بەکارهێنانی دەرمانی کوردەواری شتێکی نوێ نیە، بەڵکو لە دێرزەمانەوە بەکاردەهێنرێت، کاتێک کەسانێک بەبێ ئەوەی پێشینەی پزیشکیی و تەنانەت خوێندەواریشییان هەبێت، دەرمان دروست دەکەن بۆ چارەسەری زۆرێک لە نەخۆشیەکان، لەنێویشیاندا کە زیاتر لە بوارەکانی تر رەواجی هەیە، دەرمانی سوتاویە.

نیگار رەئوف، (٣٤) ساڵ، کچێکی دانیشتوی شاری کەلارە، یەکێکە لەو کچانەی دەرمانی کوردەواریی بەکارهێناوە. بۆ (نەوژین) دەڵێت: «چەند ساڵێک پێش ئێستا لە کاتی نانکردندا کەوتم بەسەر ساجی نانەکەدا و بەشێکی باڵم و دەستم سوتا، بۆ چارەسەری سوتاوییەکەشم هیچ سەردانی پزیشکم نەکرد، چونکە دەمزانی خراپتردەبم باش نابم، بەهۆی ئەوەی رۆژانە دەیشۆن برینەکی تازە دەبێتەوە».

وتیشی: «راستەوخۆ سەردانی ئافرەتێکم کرد لە کفری بۆ وەرگرتنی چارەسەر بە دەرمانی کوردەواری، ئەویش دەرمانەکەی بۆ دروستکردم و رۆژانە بەکارم دەهێنا و بە کەمتر لە (١٥) رۆژ چاک بومەوە».

ئاماژەی بەوەشکرد کە شوێنەواری سوتاویەکەی هیچ نەماوە تەنها شوێنێکی نەبێت کەبەوتەی خۆی بە سەختی سوتا بو.

جگە لە ژنان پیاوانیش بۆ وەرگرتنی چارەسەر لە کاتی سوتاوی شوێنێکی لەشیاندا لە بری چارەسەری پزیشکی چارەسەری کوردەوارییان بەکارهێناوە لەلایەن ئەو کەسانەی کە ئەو دەرمانی کوردەوارییە دروست دەکەن.

فەلاح حەسەن، (٣٢) ساڵ، دانیشتوی ناحییەی رزگاری سەر بە قەزای کەلارە، بۆ (نەوژین) باس لە وەرگرتنی چارەسەری کوردەواری بۆ سوتاویی لەشی دەکات و دەڵێت: «من بەهۆی ئاگرتێبەربونی ئۆتۆمبیلەکەم ٪٣٠ی جەستەم سوتا، بەو هۆیەشەوە رەوانەی سلێمانی کرام بۆ ماوەی ٨ رۆژ لەوێ مامەوە، بەڵام خراپتر بوم باش نەبوم بۆیە لەسەر بەرپرسیارێتی خۆم هاتمە دەرەوە لە نەخۆشخانە».

وتیشی: کە هاتمەوە دەرمانی کوردەوارییان بۆ بەکارهێنام، بە ماوەی مانگێک جگە لە برینە سەختەکانم کە کاتی زۆری دەویست، هەموی باش بویەوە.

بەشێکی زۆری ئەوانەی کاری دروستکردنی دەرمانە کوردەواریەکان دەکەن بەتایبەتی سوتاویی، ژنن، لەگەرمیانیش دا یەکێک لەو ژنانەی کە بەناوبانگە بەوەی دەرمانەکەی سودی هەبوە بۆ بریندارانی سوتاویی، (نەجیبە)یە.

نەجیب عەزیز ئەحمەد، (٥٠) ساڵ، ژنێکی دانیشتوی شاری کفرییە و سەبارەت بە کارکردنی لە بواری دەرمانی کوردەوارییدا، بۆ (نەوژین)ی رونکردەوە «من لە ساڵی (٢٠٠٣)وە خەریکی دروستکردنی ئەم دەرمانەم کە بە (مۆم و رۆنی زەیت یان زەیتی زەیتون) دروستی دەکەم بۆ ئەو کەسانەی کە توشی سوتاوی دەبن و تاوەکو ئێستاش بەردەوامم».

وتیشی: «جگە لەم دەرمانە دەتوانرێت رۆنی هێلکەی کوردیش لە رێگەی زەردێنەکەیەوە دروستبکرێت ئەویش سودی زۆری هەیە، هەر بەم هۆیەشەوە خەڵکی زۆر سەردانم دەکەن لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستانەوە».

ئەو ژنە وەکخۆی باسیکرد، لەبەرامبەر کارەکەی دا پارە وەرناگرێت «مەگەر کەسێک خۆی وەک پاداشت پارە دابنێت»، بەشانازیشەوە دەڵێت کە چەندین کەسی چارەسەر کردوەو لە مردن گەڕاندونیەتەوە، هەروەک رەدیشی دەکاتەوە لەسەر کارەکانی سکاڵا یان گلەیی لێ کرابێت.

> له روی پزیشکیەوە
> بە کارهێنانی
> دەرمانی کوردەواری
> رەفزە

لە بەرامبەر دا، پزیشکێک بە تەواوی بیرۆکەی بەکارهێنان و دروستکردنی دەرمانی کوردەواری بۆ چارەسەری نەخۆشی و برینەکان رەد دەکاتەوە، بەڵکو بە مەترسیداریشی دەزانێت.

د. دلێر رەزا، دکتۆرا لە نەخۆشیەکانی پێست و جوانکاری، لە روی پزیشکیەوە سەبارەت بە بەکارهێنانی دەرمانی کوردەواری بۆ (نەوژین) وتی: «لە روی زانستی پزیشکیەوە بەکارهێنانی دەرمانی کوردەواری بە هەمو شێوەیەک رەفزە، چونکە دەرمان دەبێت هەمو پێکهاتەکان و بڕی هەریەک لەو پێکهاتانە لە ناو دەرمانەکەدا زانراو بن و بە قۆناغەکانی دروستکردنی دەرماندا تێپەڕیبێت کە سێ قۆناغە».

وتیشی: «خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە دەبێت ئەو دەرمانە هیچ میکرۆبێکی تێدا نەبێت واتە (معقم) بێت، دەرمانی کوردەواری هیچ گرنتیەکی نیە کە میکرۆبی تێدا نەبێت».

ئەو پزیشکە، ئاماژەی بەوەکرد ئەو شوێنەی کە دەرمانەکەی تێدا دروست دەکرێت یاخود ئەو دەفرەی تێیدا هەڵدەگیرێت، گرنتی ئەوەی نیە کە (معقم)بن، پێشیوایە کە لە ئەگەری بەکارهێنانی ئەم دەرمانە بۆ چارەسەری سوتاوی رەنگە خودی دەرمانەکە ببێتە هۆی هەوکردن و خراپتر بونی برینەکە.

وتیشی: «سیفاتێکی دیکەی دەرمان ئەوەیە کە کاریگەرییە لاوەکییەکان و میکانیزمی کارکردنی دەرمانەکە زانراو بن، بەڵام لە دەرمانی کوردەواری ئەمە بونی نیە».

ژنانی دوگیان پێویستیان بەم ڤیتامین و کانزایانە هەیە

■ نەوژین،
نوسینی: د. عەبدولڕەحیم ئەلپاشا

خۆراکی ژنی دوگیان، گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ گرەنتی کردنی ئەوەی کۆرپەلەکەی بەسەلامەتی و تەندروستیەکی باشەوە دێتە دونیاوە، چونکەی خراپی ئەم بوارە، وادەکات چ دایک و چ کۆرپەکەش، روبەڕوی مەترسی زۆر ببنەوە کە دەگاتە تێکچونی روخسار و بونیادی کۆرپەکە یان لەبارچون یاخود مردنی پێشوەختەی مناڵ.



لەم روەوە پێویستە دایکان گرنگیی بە خواردنی ڤیتامین و کانزاکان بدەن و بتوانن لە خۆراکەکانیاندا جێگەیان بکەنەوە. لەخوارەوەش بە وردی ئەو ڤیتامین و کانزایانە دەستنیشان دەکەین کە لە هەر قۆناغێکی سکپڕیی دا پێویستە ژنانی دوگیان بیخۆن.

> پێش بەکارهێنانی
> هەر ڤیتامینێک،
> ڕاوێژ بە پزیشکی
> پسپۆڕ بکە

١. ڤیتامینەکانی پێش دوگیانیی

پێویستە ئەو ژنەی کە پلان بۆ ئەوە دادەنێت دوگیان بێت، پێش سێ مانگ لە دوگیانیەکە بەرنامەیەکی خۆراکیی باش دابنێت، بۆ ئەوەی چ خۆی و چ کۆرپەلەکەشی سەلامەت و تەندروست بن.

لەم قۆناغەدا گرنگە دەستبەخواردنی ڤیتامین بی ٩ و ترشی فۆلیک «فۆلیک ئەسید» بکات، ئەویش بەهۆی ئەو رۆڵە باشەی کەهەیانە بۆ پتەوبونی کۆئەندامی دەمار و مێشکی کۆرپەلەکە.

ئەم ڤیتامینانەش دەبێت لەسەر خواردنی بەردەوام بیت هەتا ٣ مانگ پاش دوگیان بونیش.

هەروەها ئەم ڤیتامینانەش خواردنیان گرنگە: (ڤیتامین دی، ڤیتامین بی، ئاسن و کالیسیۆم).

٢. ڤیتامینەکانی دوگیانی لەمانگی یەکەم دا

بەدڵنیاییەوە بونی سیستەمێکی خۆراکی تەواو، یارمەتی باشی ژن دەدات لە سەرەتای پرۆسەی دوگیانییەکەی دا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا واباشە هەندێک خۆراک و دەرمانی تەواوکاریی لەژێر چاودێریی پزیشکدا بەکاربێنێت، بۆ گرەنتیکردنی باشتربونی رەوشی تەندروستی خۆی و کۆرپەلەکەی.

گرنگترین ڤیتامین و کانزاکانی ئەم قۆناغەش، بریتین لە:

- ترشی فۆلیک: وەک ئاماژەمان پێکرد، بۆ بەهێزکردنی کۆئەندامی دەمارو مێشکی کۆرپەلەکە زۆر باشە و بەدوری دەخات لە تێکچون «تشوهات».
- ئۆمیگا٣: گرنگە بۆ پاراستنی مێشکی مناڵ و هەروەها پاراستنی سەلامەتی دڵ و دەمارەکانی دایکەکە.
- ڤیتامین سی: یارمەتی پاراستنی سەلامەتی خانەکانی دایکەکە دەدات و هەروەها یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی ریشاڵ و رێگریکردن لە کشانیان.

٣. ڤیتامینەکان لە مانگی ٤ هەتا ٦

لەمانگەکانی چوار هەتا شەشی سکپڕیی دا، ئەم ڤیتامین و کانزایانە گرنگە بخورێت و بەکاربێت لەلایەن دایکی دوگیانەوە:

- ڤیتامین دی: زۆرگرنگە بۆ پتەوبونی ئێسکی کۆرپەلەکەو هەروەها پاراستنی ئێسکی دایکەکەش، چونکە لەم قۆناغەدا قەبارەی کۆرپەلە رو لە زیادبون دەکات، بۆیە پێویستیشی بۆ مادەی کالیسیۆم زیاد دەبێت بەمەبەستی بونیادنانی ئێسک. بۆیە پێویستە گرنگیی بە بەردەستکردنی ئەم ڤیتامین و مادەیە بدرێت لە ژەمەکان و هەروەها بەپێی رێنمایی پزیشک دەرمانی پێویستی کالیسیۆم بخورێت.
- ئاسن: بونی مادەی ئاسن لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە، چونکە بۆ گواستنەوەی خڕۆکە سورەکانی خوێن بۆ کۆرپەلەو هەروەها گواستنەوەی ئۆکسجین بۆی پێویستە، بەمەبەستی ئەوەی دڵ و ماسولکەکانی پارێزراو بن. لەلایەکی تریشەوە گرنگە بۆدایک بۆ ئەوەی توشی کەمخوێنی نەبێت.

٤. ڤیتامینەکان لە مانگەکانی ٧ بۆ ٩

لەدوامانگەکانی سکپڕیی دا، خواردنی ئەم ڤیتامینانە گرنگە:

- ڤیتامین سی و ئی: خواردنی رێژەیەک لەم ڤیتامینانە، یارمەتیدەر دەبن بۆ رێگرییکردن لە لەدایکبونی پێشوەختە، هەروەها بۆ بەهێزکردنی کۆئەندامی بەرگری و سەلامەتی خانەکانی دایکی دوگیان.
- ڤیتامین دی و کالیسیۆم: لەم قۆناغەدا کۆرپەلە رێژەیەکی زۆر لە کالیسیۆمی ئێسکی دایکەکەی دەبات بۆ بونیادنانی ئێسکی خۆی، بۆیە خواردنی بڕێکی باش و بەردەوام لە کالیسیۆم و ڤیتامین دی، زۆر گرنگە.

بەگشتیش دەبێت ئەوە رەچاو بکرێت کە ژنی دوگیان پێش بەکارهێنانی هەر کانزا و ڤیتامینێک، دەبێت راوێژ بە پزیشکی پسپۆڕ بکات و رەزامەندیی و رێنمایی پزیشک لەوبارەیەوە وەربگرێت.

موخورکە، چۆن بتوانین خۆمانی لێ ڕزگار بکەین؟

▪ نەوژین، سێوە محەمەد

موخورکە، بە دو شەق بونی کۆتایی تاڵە قژەکان دەوترێت. هۆکاری دروستبونی موخورکەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی نەدان و خزمەت نەکردنی قژ و زۆر بەکارهێنانی گەرمی بۆ خاوکردنەوەو شێوەدان بە پرچ و زیاد لە پێویست شۆردن و زۆر بۆیە کردن و بە توندی شانەکردن، ئەمە سەرباری زیاد بەکارهێنانی مادە کیمیایەکان و وشککردنەوەو ڕوشانی تاڵە قژەکان بە خاولی و بەکارهێنانی شامپۆی نادروست.

> هیچ دەرمانێک نییە گەرەنتی بێت بۆ لەناوبردنی موخورکە

موخورکە دیمەنێکی ناشیرین بە پرچەکان دەبەخشێت و جوانییەکەی لەناو دەبات، دەبێتە هۆی ئەوەی پرچەکە کورت و درێژ بکەوێتە پێش چاو، بونی موخورکە کەسەکە توشی قەلەقی دەکات وای لێدەکات وەک خویەک بەردەوام یاری بەتاڵە توشبوەکان دەکات و بەدەست دەیانبڕێت.

لێرەدا هەندێک ڕێنمایی و زانیاریی لەبارەی خۆپاراستن لەموخورکەو ڕزگاربون لێی، دەخەینە ڕو.

١. کورتکردنەوە باشترین چارەیە

هیچ دەرمانێک نییە گەرەنتی بێت بۆ لەناوبردنی موخورکە، تەنها کورتکردنەوە نەبێت تا ئەو شوێنەی کە دوچاری موخورکە بوە. ئەمە دروستترین ڕێگەچارەی لەناوبردنی موخورکەیە، ئەم کورتکردنەوەیەش دەرفەتێکە بۆ قژەکە تاکو جوانییە سروشتیەکەی خۆی بدۆزێتەوە و گەشەی زیاتریش بە قژەکە دەبەخشێت.

بۆ ئەمەش پێویستە بۆ ماوەی یەک ساڵ هەمو دومانگ جارێک قژ کورت بکرێتەوە، یان ئەگەر پێتانوایە ئەو ماوەیە کەمە یان حەزتان لێیە پرچ درێژبکەن، دەتوانن شەش مانگ جارێک کورتی بکەنەوە تا ئەو کاتەی بارودۆخی قژتان ئاسایی دەبێتەوە.

٢. تاڵە توشبوەکان بە موخورکە دەست نیشان بکە

بەوردی بەهاوکاری ئاوێنەیەک تاڵە توشبوەکان جیابکەرەوە، ئەمەش کارێکی ئاسانە، چونکە بەگشتی تاڵە توشبوەکان بە موخورکە دەکەوێتە کۆتایی قژەوە، زۆر بەئاسانی دەناسرێتەوە، چونکە هەرتاڵە و دوشەق یان زیاتری لێ دەبێتەوە یان وەک خاڵی سپی لە کۆتایی تاڵە قژەکان دەردەکەوێت و هەندێکجاریش لەناوەڕاستەوە توشی لاوازی دەکات، بۆ خۆڕزگارکردنیش لێی وەک ئاماژەمان پێدا تەنها ڕێگەچارە کورت کردنەوەیە. ئەتوانیت تەنها ئەو بەشە کورت بکەیتەوە کە توش بوە بە موخورکە، باشتر وایە ٦ ملیمەتر لەسەرو موخورکەکە کورت بکرێتەوە، بە دڵنیایەوە دەبێت بۆ کورت کردنەوەی قژ سود لە مقەستی تایبەتی قژبڕین وەربگیرێت، چونکە مقەستە ئاساییەکان هۆکارە بۆ دروستبونی موخورکە.

٣. پرچ داهێنان

زۆر کەس ئاگاداری مەترسییەکانی پرچ داهێنان و شانەکردن نییە، کەهۆکارە بۆ تێکشکاندنی تاڵە قژەکان، چونکە زۆر پرچ داهێنان کارێکی باش نییە چەندینجار تاقی کراوەتەوە.



پێویست ناکات زۆر قژ دابهێنرێت، چونکە ئەگەری توش بون بە موخورکە زیاتر دەکات، هەرکە قژەکە خاوبوەوە پێویستە دەست لە داهێنانی هەڵبگیریت، هەروەک پێویستە زۆر بە لەسەرخۆیی و ئارامی پرچ دابهێنرێت لەسەرەتاوە دەست پێبکرێت تاکۆتایی. ئەگەر ڕوبەڕوی گرێیەک بویتەوە بەشانە پیایا مەکێشە، هەوڵبدرێت بەدەست ئەو گرێیە بکەیتەوە دواتر لە داهێنان بەردەوام بە.

هەرگیز نابێت بەرەو دواوە قژ دابهێنرێت، ئەم شێوازە داهێنانە ڕیشەی قژەکان دەکێشێت و زیانیان پێدەگەیەنێت و دوچاری هەڵوەرینی دەکات.

٤. مادە کیمیاییەکان

تاڕادەیەکی زۆر هەوڵبدە لەمادە کیمیایەکان و بۆیەکردن دور بکەوە، چونکە پرچی سروشتی جوانترینە، ئەگەریش زۆر حەز بە ڕەنگکردنی پرچ دەکەیت، هەوڵبدە سود لە کەرەستە سروشتییەکان وەربگرە بۆ ڕەنگکردن وەکو: (خەنە، قاوە و چای).

ئەگەریش بەناچاری مادە و بۆیەی کیمیایی بەکار دەهێنیت دەبێت لەگەڵی دا بەبەردەوامی نەرمکەرەوەو ڕۆنی تایبەتی قژ بەکار بهێنیت بۆ ئەوەی قەرەبوی ئەو زیانانە بکاتەوە کە بەر پرچەکە کەوتوە.

٥. تیشکی خۆر

قژتان لە تیشکی خۆر و تیشکە زیانبەخشەکانی تر بپارێزن، تیشکی سەروەنەوشەیی کەلە تاڵەکانی تیشکی خۆر دایە، جگە لە پێست زیانی زۆری بۆ تاڵەکانی قژ دەبێت.

٦. دروست شۆردن

شۆردنی نادروست بەشامپۆی دروستکراو لەمادەی زیانبەخش و کوالێتی نزم، زیان بە تاڵەکانی قژ دەگەیەنێت. پێویستە ئەو شامپۆیانەی کە بەکاری دەهێنیت چەند جارێک تاقی بکەیتەوە تاکو بزانیت لەگەڵ پێستی سەر و قژت دا گونجاو سازگارە و بەتایبەت ئەو شامپۆیانەی لەسەر دەبەکانیان نوسراوە (کاندیشینر) واتا گونجاوە بۆ قژی زیان لێکەوتو یان ئەو شامپۆ و نەرمکەرەوانە بەکار بهێنرێت شێ و ڤیتامینی گونجاو بۆ قژ دابین دەکەن.

دروستترین شێوازی شۆردنی قژ ئەوەیە سەرەتا لە بنی سەرەوە دەست پێ بکەیت ئینجا ساقەکانی قژ بشۆیت، دەبێت شامپۆ و مادە نەرمکەرەوەکان بەجوانی بگاتە بنی سەر و ڕێگە بدرێت بۆماوەی ١٠ تا ١٥ خولەک پێوەی بمێنێتەوە و دواتر بەئاوی سارد بشۆردرێت، چونکە ئاوی گەرم ڕێژەی شێ کەمدەکاتەوە لە قژدا.

مەرزیە.. گەرویەکی ئەفسوناویی



▪ نەوژین، شاران بەرزنجی

کە ناوی بوێریی و دەنگی ڕەسەن و نەتەوایەتی دەهێنین، خاتونێکمان بیردێتەوە پڕاوپڕ لە جوانی و دەنگی ڕەسەن، ئەو خاتونەش (مەرزیەی فەریقی)یە.

لەو سەردەمەی کە خەڵکی بوێری ئەوەیان نەبو بە زمانی شیرینی کوردی بدوێن لە دامودەزگا حکومیەکانداو و بخوێنن بەو زمانە، (مەرزیەی فەریقی) بە بوێرییەکەی دەنگی میللەتەکەی دەگەیاند بە میللەتانی دیکە، شانبەشانی ئەوەش لەگەڵ هاوژینەکەیدا پێشمەرگە بون و بەرگیریان دەکرد لە خاک و نیشتیمانی خۆیان. ئەم خاتونە بەهۆی ئەوەی هەستی نەتەوایەتی بەسەریدا ڕەنگی دابوەوە، دایکایەتی خۆی بەپێشمەرگایەتی لە ناو شاخ و دوڵەکانی کوردستاندا تەواو کرد.

مەرزیە دایکێکی میهرەبان بو هەم بۆ خاکەکەی هەمیش بۆ ڕۆڵەکانی، بەجۆرێک کە هەردو کوڕ و کچەکەیشی لە شاخداو بە پێشمەرگایەتی ئەوانی هێنایایە سەر دونیا.

بەرهەمەکانی ئەم خاتونە تاوەکو ئێستا لە هونەری کوردیدا بە زیندویی ماونەتەوەو دەوترێنەوە، ئەو بۆشاییەی کە ئەم خاتونە بەکۆچی دوایی لە هونەری کوردیدا بەجێی هێشت، مەحاڵە بە کەسانی دیکە پڕ بکرێنەوە، دەنگێکی بەتین بەجۆرێک پڕ پڕ بو لە هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی، ئەم خاتونە هەم مامۆستا بو هەمیش هونەرمەندو پێشمەرگەیش.

> مەرزیە هەم مامۆستا بو هەمیش هونەرمەند و پێشمەرگە

مەرزیە، لە ١٩٥٨/٥/٢٢ لە دایک و باوکێکی سنەیی لە شاری مەریوانی کوردستان چاوی بە دونیا هەڵهێنا، لە تەمەنی ٩ ساڵییەوە و لە خوێندنگەکەی خۆیدا گۆرانی وتوە و بە کچێکی دەنگخۆش ناسرابو، پاش ئەوەی بڕوانامەی دبلۆم بەدەستدەهێنێت و دەبێتە مامۆستا، لەسەر کاری هونەری بەردەوام دەبێت، پێش ئەوەی وەکو پێشمەرگەیەک لە شاخ بێت وەک مامۆستا کاری کردوە.

لە ساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ (ناسری ڕەزازی) یەکتر دەناسن و ئاشنا دەبن بەیەکدی، دواتر لە ساڵی ١٩٧٨ ژیانی هاوژینی پێک دەنێن.

لە ساڵی ١٩٨٠ دا وەک خێزانێکی پێشمەرگە لە ڕیزەکانی «کۆمەڵە» خەبات دەکەن لە شاخ و دۆڵەکانی کوردستاندا و ئەم خەباتگێڕییەشیان تا ساڵی ١٩٨٤ بەردەوام دەبێت.

وەک هونەرمەندێکی لێهاتوی شاخ، شان بەشانی خەباتی چەکداری، دەست دەکات بەکاری هونەری و لەگەڵ تیپی مۆسیقای (کۆڕی بانگەوازی کۆمەڵە) یەکەمین کاری هونەریی لە شاخ بە سرودی (سڵاو بۆ پێشمەرگە) بە ئەنجام دەگەیەنێت، کە تاوەکو ئێستایش ئەو سرودە نیشتیمانیە لە بیر و هزرماندا دەزرنگێتەوەو ماوەتەوە لە گەڵماندا.

ئەم خێزانە دەبنە خاوەنی سێ مناڵ (کچێک و دو کوڕ) بە ناوەکانی: دڵنیا، کاردۆ و ماردین.

پاش لە ساڵی ١٩٨٤ ڕودەکەنە ئەوروپا و لە وڵاتی سوید دەگیرسێنەوە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ەوە لە وڵاتی سوید وەک پەناهەندەیەک لەگەڵ هاوژینەکەی و سێ منداڵەکەی ژیان بەسەر دەبن. لە تاراوگەش مەرزییە بە هاوکاری ناسری هاوژینی چەندین کاری هونەری ئەنجام دەدات.


مەرزیە، لە بەرواری ٢٠٠٥/٩/١٨ دا و لەکاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەک دا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی پایتەختی سوید گیان لەدەستدەدات و بۆ ئەبەد ئێمە و کاری هونەری بەجێهێشت.

لەسەر داوای خۆشی تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ باوەشی نیشتیمان و لە مەراسیمێک دا شاژن ئاسا لە سلێمانی و لە گردی شەهیدان بەخاک سپێردرا.

مەرزیە ماوەیەک پێش مردنی بەتەمای چەند کارێکی هونەری بو، کە پێکهاتبون لە چەند گۆرانیەک، بەڵام مردن ڕێی پێنەدا ئەو گۆرانیانە بەرهەم بهێنێت. ماوەیەک پاش مردنی، (دڵنیا)ی کچی هەستا بە تەواوکردنی کارە تەواو نەکراوەکانی دایکی و گۆرانیەکانی بە بەرهەمهێنا، وەکو خۆشەویستی و وەفایەک لە دایکیەوە بۆ کارەکەی.

ئەحلام مەنسور.. ئاهویەکی یاخی لە دەشتی گەرمەسێرەوە





■ نەوژین

رەنگە هیچ ژنێکی کورد بە قەدەر (ئەحلام مەنسور)، لەگەڵ یاخیی بوندا راستگۆ نەبوبێت، ئەو لەکاتێکدا وەکو کچێکی رچەشکێن و یاخیی لە بەند و باوی کۆمەڵگا و دابونەریت دەستی پێکرد، کۆشا هەتا دوا هەناسە وەکو ژنێکی یاخیی، ئەو قسەیەی خۆی بردە سەر کە وتی: «نازانم کەی دەمرم ئەگینا تا ماوم هەر ناڕەزایی دەردەبرم».

لەنێو ئەدەبیاتی کوردیی دا، دەنگێکی مێینە بە بڵندیی و جیاواز دەرکەوتوە، بەتایبەتی لە قۆناغێکدا کە بونی ژنی نوسەری کورد، زۆر دەگمەن و دانسقە بوە، بەڵام ئەو لە بواری هونەری گێڕانەوە (چیرۆک و رۆمان) و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دا، دەرکەوتو بو. ئێستا یادی ٥ ساڵەی کۆچی دوایی ئەو ژنە رچەشکێن و یاخییە دەکەینەوە.

ئەحلام مەنسور عەلی، لەساڵی ١٩٥١ لە قەزای خانەقین لەدایکبوە، خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لەکۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا، هەتا کۆچی دوایی لە بەرواری ١٠ی کانونی دوەمی ٢٠١٣، مامۆستای بەشی راگەیاندن بو لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

لەسەرەتای هەشتاکانەوە وەکو قەڵەمێکی ژنانە لەنێو کایەی ئەدەبی کوردیی دا لەهەرێمی کوردستان دەرکەوتوە، لەم روەشەوە خاوەنی چەندین نوسین و وتار و کۆڕ و سیمینارە، جگە لەوەی دو کتێبی چاپکردوە کە کۆمەڵە چیرۆکی (پرد) و رۆمانی (ئەڵوەن)ن، هەروەک نامەی ماستەرەکەشی بەناوی (بینای هونەری لەچیرۆکی کوردیدا) بڵاوکردوەتەوە، کەوەکو یەکێک لە سەرچاوە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوە لە چیرۆکی کوردیی دێتە هەژمار.

ئەحلام، لەسەرەتاوە وەکو رۆشنبیرێکی چەپ و لەریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی دەرکەوتوە، بەڵام پاشان دەستبەرداری دیسپلینی حیزبی بو و وەکو ژنێکی ئازادیخوازی داکۆکیکار لە ئازادیەکانی مرۆڤ و ژنان بەتایبەتی، درێژەی بە نوسین و تێکۆشانی دا. وەک هەمو ژنانی تر کە دەیانەوێت رۆڵیان هەبێت و دەربکەون، ئەحلامیش روبەڕوی رق و هاڵاوی قسەو تانەی کۆنەپارێزان بویەوە، ئەگەرچی ئەوەی ئەوی لەکەسانی تر جیادەکردەوە، ئەوەیە کە هەرگیز کۆڵی نەدا و رێگەی نەدا ژیانی خۆی لەسەر قسە و تانەی خەڵکانی دی بونیاد بنێت.

هەردو نوسەر (کنێر حەسەن خانم) و (هەندرێن) لەمبارەوە لە وتارێکدا دەڵێن: «ئەحلام دەیوت (میللەتەکەم! هەناسەی تۆ هەناسەی منە، خوێنی تۆ خوێنی منە، چاوی تۆ چاوی منە، منداڵی تۆ منداڵی منە و گەنجی جوان هیوای منە)، کەچی میللەتەکەی لە پاداشتی ئەوەدا بە شێت و بێشەرم روحیان دەمبەست دەکرد!».

دەشڵێن: «بەڵام ئەو لەم کاتەدا لە میللەتە بەدبەختەکەی نەدەتۆرا، دەیزانی لە خەوێکی قوڵدا لە نێو ئاستەنگی بیرنەکرنەوەدا چەقی بەستوە».

بەهۆی را راشکاو و بوێرەکانیەوە، ئەحلام مەنسور، بەدرێژایی ژیانی روبەڕوی ئاستەنگ و هێرش بوەتەوە، جارێک لەرێگەی کەنارخستنی لەلایەن نوسەر و رۆژنامەو دەزگاکانی راگەیاندنەوە، جارێکی تر لەرێگەی مینبەری مزگەوتەکانەوە، جاری تریش لەرێگەی زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندنەوە، کە رۆڵی ئەویان لە وانەوتنەوەدا قەتیس کردبو، بەڵام هەمو ئەمانە نەیانتوانی ئەو رۆحە یاخیی و ئازادەی بکوژن، بۆیە هەتا مرد، لەگەڵ خۆی و بیروباوەڕەکەی خۆی دا راستگۆ بو.

ئەو ژنێک بو یاخیی، بەیاخێتی ژیا و بەیاخێتیش مرد.

ژنانی گەرمیان لە کۆندا چۆن خۆیان دەڕازاندەوە؟

■ نەوژین، شۆخان حەمەساڵەح

نە ئەم هەمو سوراو و قەڵەم چاو و ئەساس و بۆیە رەنگاورەنگە هەبوە، نە عەدەسە و نە بۆنی مارکە و نە ئەم هەمو ئیکسسواراتە، کەواتا ژنانی کۆنی ناوچەی گەرمیان لە سەد ساڵی رابردودا کەرەستەکانی ئارایشت و جوانکارییان چی بون؟

لەهەرلەکۆنەوە ئافرەت و جوانکاری دوانەیەکی لێکجیانەبون، ئەو جوانکارییانە لە هەرکۆمەڵگەیەکدا بەپێی شێواز و بەکارهێنانی لەهەر سەردەمێکدا بەکارهێنراوە، لە نێو کوردیشدا شێوازی بەکارهێنانی جوانکاری لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تربەپێی زۆریی یان کەمی جیاوازبوە.

لەم راپۆرتەدا باس لە شێوازو جۆری ئارایشت و جوانکاریەکانی ژنانی ناوچەی گەرمیان دەکەین لە ماوەی ٧٥ بۆ ١٠٠ ساڵی رابردو، لەسەر زاری بەشێک لەو ژنانەی کە خۆیان لەو سەردەمانەدا ژیاون و ئەو کەرەستانەیان بەکارهێناوە.

ئەگەرچی لە وردەکاریی دا هەریەکە لەو ژنانە شتی جیاوازیان باس دەکرد، بەڵام بەگشتی کۆک بون لەسەر ئەوەی کە پێویستیەکان زۆر کەم و سنوردار بون و بەشێکی زۆریشی خودی ژنان هەستاون بە ئامادەکردنی و بە ئامادەکراویی بونیان کەم بوە.

عالیە محەمەد، (٦٥ ساڵ) بەباسکردن لە رۆژەکانی گەنجێتی بەرەو گێڕانەوەی شێواز و ئامرازەکانی خۆجوانکردنی ژنانی ناوچەکە بیرمان بۆ نێو ئەو زەمەنەی خۆیان رادەکیشێت.

عالیە، کەتەمەنی کچێتی لەقەزای کفری بەسەربردوە، لە پرسیارکردنمان لەسەر ئەو شتانەی بۆ کەشخەیی و جوانکاری و بۆنخۆشی بەکاریان هێناوە، بۆ (نەوژین) وتی: «لەکۆندا ئافرەت بۆ چاویان کلیان بەکارهێناوە کەپاش ئەوەی بەدەسکەوان کلەکە دەکوترا دەکرایە کلدانەوە کە کلدانەکە لەپارچە قوماشێک کە دەدورا و هەر بەو قوماشە دەپێچرایەوە، دارێکیشی پێوە بو پێی دەوترا (میلچە) کە بۆ بەکاهێنانی کلەکە بۆ چاوڕەشکردن بەکاردەهات».

کە ئەم وردەکاریەی دەگێڕایەوە بە زەردەخەنەیەکەوە باسی لە نەبونی کەرەستە دەکرد و وتی : «چی بکەین هەر ئەوە دەست دەکەوت».

لەبواری ئیکسسوارات و بابەتی جوانکاریی دا، وتی: «ئاڵتون هەبوە وەک (ماشاءالله) کە شەش پارچەی پێوە بو، (ماشاءالله)کە گوڵ و لیرە و زنجیر (سیلاح لخ) و ئاڵتون قولاب بون».

لەبارەی جلوبەرگی ژنانیشەوە وتی: «جلوبەرگی ژنان زۆرتر لە سەڵتەی سورمە و شاڵی ئێرانی پێکدەهات، هەروەها (پشتەماڵ) بەکاردەهات کە چارۆکەیەکی هەوری پەشمەکە کە گرێیان دەداو بۆ داپۆشینی پێش و پاشی ئافرەت و زیاتر بۆ ئافرەتانی دوگیان بەکاریان دەهێنا بۆ ئەوەی دوگیانیەکەیان دیار نەبێت».

جەمیلە، ٥٥ ساڵ، لەباسکردنی جۆری جلوبەرگەکان دا، وردەکاری تری بۆ خستینە رو «لەسەردەمی کچێتی ئێمەدا کراسی پەشمەک وگوڵ باتمان و ئاگربارانە بەچەند رەنگێک وەک: (سور، زەرد، شین و پەمەیی) هەبوە، هەروەها چارۆکەی قوڵنەداری هەڵبەستراو و چارۆکەی کەتانی هەڵبەستراو بە گوڵەن و کەوای سورمە هەبون». ئەوەشی زیاد کرد «لەساڵانی دوایشد کراسەکانی (چەمی رێزان و چاوە چۆلەکە) پەیدابو، هەروەها کەوا و سەڵتەی ئەتڵەس و کڵاو لەچک و مێزەر و لایرە کە بە هەوری و مشکیەوە دەپێچرا، کەئەمانەش هەمو کەس دەستی نەئەکەوت».

(عالیە خان)یش، درێژەی بەناوهێنانی جلوبەرگەکانی تر داو هاتە سەرباسی بەشی سەرپۆش و ناوی ئەم کەرەستانەی هێنا «پەچە و عەبا و بۆیەمە و جرجێت و مشکی گوڵدار بۆ لەچک کردن».

جگە لە کەرەستەکانی ئارایشت و جلوبەرگە کەشخەکان، بەشێکی تری جوانکاریی و کەمالیاتی ژنان، لە بۆن (عەتر) پێکدێت. ئەو بۆنانە چی بون کە ژنانی گەرمیان لە کۆن دا بەکاریان دەهێنا ؟

عالیەخان، سەبارەت بە بەکارهێنانی بۆن ئاماژەی بەبەکارهێنانی سمڵ ومێخەک کرد بەزۆری، لەگەڵ بۆنێک بەناوی (قۆڵۆن).

وردەکاری ئامادەکردنی مێخەکیشی بەمشێوەیە رونکردەوە «مێخەکەکە شەو تا بەیانی دەکرایە ئاو، دواتر بەمەبەستی جوانکاری و بەملوانکە دروستکردن و بۆنخۆشی بەکاریان هێناوە».

جەمیلەخان ئاماژەی بەبەکارهێنانی (هەیاسە و کەمەرە) دا، وتی: «کاتێک ئافرەت پشتێنی بەستوە پاشان هەیاسەکەیان بەسەردا کردوە کە لە زیو دروست کراوە، کەمەرەش حاجیان لەکاتی فەریزەی حەجدا دەیان هێنا». ئاماژەی دا «هەروەها (گۆ و دهڵەکە) بەکارهێنراوە کە بە دەوری هێڵەک دا کراون».

لەباسکردنی ئەوەی ئەم ئارایشت و جوانکارییانە لەکوێوە بەدەستیان گەیشتوە، ئەو دو ژنە ئەوەیان خستە رو کە لە رێگەی عەتارەکانەوە لە وڵاتانی دیکە بەتایبەت (ئێران)ەوە دەهات. لەناوخۆشدا شاری (کفری) ئەو کات سەرچاوەی زۆرێک لە پێداویستیەکانی ناوچەی گەرمیان بوە، کە کەرەستەکان بە بار لەو شارەوە دەهێنرایە شوێنەکانی تری گەرمیان و ئەوانیش دەیانکڕی.

